شۆڕش
کۆمەڵە
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

No .(47) First Half of June 2005

دەورەی دووهەم، ژمارە (٤٧). نیوەی دووهەمی جۆزەردانی ١٣٨٤

***برووسکەی پیرۆزبایی***

برای بەڕێز جەنابی کاك مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان!

پڕ بەدڵ پیرۆزباییتان لێدەکەین بە بۆنەی هەڵبژاردنتان بۆ سەرۆکی هەرێم. دڵنیاین کە ئێوە لەو متمانەی کە خەڵك و نوێنەرانی گەلی کوردستان پێیان بەخشیون بە باشترین شێوە کەڵك وەردەگرن و زۆرترین وزە و قورسایی خۆتان دەخەنە سەر ئەو بەشە لە گرفتەکانی گەلی کوردمان لە عێراق کە هێشتا ماون تا چارەسەر بکرێن.

هەڵبژاردنی جەنابتان وەك سەرۆکی هەرێم، نیشانەیەکی دیکەی پتەوی و یەکڕیزی و یەکێتیی خەڵکی کوردستانە و تەجرووبە و ئەزموونی ئێوە پاڵپشتی ئەوەن کە بە لێوەشاوەیی بەڕێوەبەری ئەرکەکانی سەرۆکی هەرێم بن. ئاواتی سەربەرزی و سەرکەوتنی زیاترت بۆ دەخوازین.

دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٢٠٠٥/٦/١٤_١٣٨٤/٣/٢٤

# به تەحریمی بەربڵاو و چالاکانە، هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری بکەینە شکستێکی‌تر بۆ دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیه

***راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە***

## پیرۆز بێت ٣١ی جۆزەردان، رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

٢٧ ساڵ لەوە پێش هاوڕێ سەعیدی موعینی ناسراو بە خانە، یەکەمین پێشمەرگەی کۆمەڵە، رۆژی ٣١ی جۆزەردان لە شەڕێکی قارەمانانەدا لە دژی هێزەکانی بەعس لە عیراق شەهید کرا. هەر لەو کاتەوە و لەسەر بڕیاری رێبەرایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ٣١ی جۆزەردان وەك رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە دیاری کرا و لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە هەموو شار و دێهاتی کوردستان، لە دەرەوەی وڵات و لە بارەگاکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە، رێز لە رۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە دەگرین.

هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، نەك تەنیا رەمزی خۆڕاگری و بەرخۆدان لە مەیدانەکانی شەڕدا، نموونەی هەڵس‌وکەوتی مرۆڤانە لەگەڵ دیلەکانی شەڕ، هاوپشتیی ناوخۆیی و رێزگرتن لە یەکسانیی ژن و پیاو، بەڵکوو لە نێو خەڵکی کوردستاندا وەك هاوڕێ و پشتیوانی کۆمەڵانی ستەملێکراو، وەك هێزێکی وشیاریدەر و رۆشنگەر و وەك پشتیوان و رێکخەری خەباتی جەماوەری دەناسرێتەوە. ئێستا کە نزیك بە ٣ دەیە لە پێکهێنانی ئەو هێزە تێدەپەڕێ و سەرەڕای هەموو ئەو تەنگ‌وچەڵەمە نیزامیانەی بەسەر بزووتنەوەی کوردستان و وێڕای ئەو بەسەر هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا سەپاوە، بەڵام هێشتا یرەوەریی کادر و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، قسەی سەر زاری دۆستانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانە. دۆست و دوژمن باس لە خووخدەی بەرز و رەوشتی والاّ و رەفتاری راستگۆیانەی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دەکەن و هەتا ئێستاش بنەماڵەکان سیمای پێشمەرگەی کۆمەڵە وەك ئۆلگوو بە منداڵەکانیان دەناسێنن....

ل٢

## دەست بە کار بوونی خولی دووهەمی پارلەمانی کوردستان



رۆژی یەکشەممە ٤ی ژوئەنی ٢٠٠٥ پاش چوار مانگ لە دوای هەڵبژاردنی پارلەمان لە کوردستان، پەرلەمانی کوردستان لە ئاهەنگێکی شکۆداردا کۆبووە و دەستی بە کار کرد.

کرانەوە و کۆبوونەوەی خولی دووهەمی پەرلەمان کوردستانی رێك هاوکات بوو لەگەڵ رۆژی کرانەوەی سێزدەساڵ لەمەوبەر کە پەرلەمانی یەکەم، کۆبوونەوەی خۆی بەستبوو.
لە کۆبوونەوەی رۆژی یەکشەممەدا سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژێردران کە بەڕێز عەدنان موفتی وەك سەرۆکی پەرلەمان و دوکتۆر کەماڵ کەرکوکی وەك جێگری سەرۆك پەرلەمان دیاری کران.

شایانی باسە کە بە هۆی کۆمەڵێك گیروگرفت لە لایەن هەردوو حیزبی سەرەکی کوردستانی باشوور واتە "پارتی ویەکێتی"ـەوە کۆبوونەوەی پەرلەمان چەند مانگ درەنگتر لە کاتی ئاسایی خۆی کرایەوە کە بە سەردانی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی بۆ کوردستان و چاوپێکەوتنی لەگەل بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی ئەو گیروگرفتانە چارەسەر کران.

لە یەکەمین کۆبوونەوەی پارلەمان بە زۆرینەی دەنگ بەڕێز مەسعوود بارزانی وەك یەکەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی ٤ ساڵ هەڵبژێردرا، رێوڕەسمی سوێندخواردنی کاك مەسعوود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێم، رۆژی سێشەممە ٢٠٠٥/٦/١٤ بە ئامادە بوونی بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی، مەسعوودی بارزانی، قازی ئەلیاوەر، ئەحمەد چەلەبی و کەسایەتییە ناودارەکانی عێراق بەڕێوە چوو.

وت‌ووێژی بەشی فارسی رادیۆ ئەمریکا لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی ل٤

ئارەزووەمەندی خەڵکی ئێران بە گۆڕان
لە وت‌ووێژی رۆژنامەی "ئاسۆ" لەگەڵ هاوڕێ عومەر ئێلخانی‌زادە

شەپۆلی بەهێزی بەشداری نەکردنی خەڵك لە هەڵبژاردن دا ئەردەڵان فەرەجی

دوایین هەناسەکانی ئیسلاحخوازانی دەوڵەتی لە کوردستان سالار پاشایی

باشترین هەل بۆ دەنگ نەدان
فەریبا محەمەدی

لە پەراوێزی ململانێی باڵەکانی ناو دەسەڵات لە کوردستان وریا محەمەدی

چەند راگەیاندنی کۆمەڵە

هونەر و ئەدەبی شۆڕش

چەند هەواڵێك لە کوردستانەوە

## کۆبوونەوەی ئیعترازی ژنان دژ بە یاسای بنەڕەتی‌ئێران، لە تاران



رۆژی یەکشەممە ٢١ی جۆزەردان سەعات ٢ی دوانیوەڕۆ زیاتر لە ٢هەزار ژن بە نیشانەی ئیعتراز بە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی لە شەقامی ئینقلابی تاران کۆبوونەوەیەکی بەرینیان وەرێخست. کۆبوونەوەکە بە زووترین کات جەماوەرێکی زۆرتری لە ئامێز گرت و بوو بە خۆپیشاندانێکی ئیعترازی چەند هەزار کەسی و بووە گۆڕەپانێك بۆ دانی دروشم دژی دەسەڵاتی ئیسلامی و دژی هەڵبژاردن.
هێزە ئینتزامییەکانیش بە لێدان و هێرش بردنە سەریان لە هەوڵی پەرتەوازەکردنیان بوون کە داوێنی ئەم دەرگیرییانە گەیشتە زانکۆی تاران و مەیدانی فیردەوسی. لە زومرەی دروشمەکانی خۆپشاندانەکە ئەمانە بوون: تەحریمی هەڵبژاردن ئەمەیە دروشمی خەڵکی، (آزادی اندیشه بدونه زن نمیشه)، مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر و ...

شایانی باسە کە کۆمەڵێکی زۆر لە ژنانی کوردیش لەو کۆبوونەوەیدا بەشدار بوون.

***




... ئێستاش زیاتر لە رابردوو هەزاران گیانبەختکردووی ڕێگای رزگاری و ئازادی و بنەماڵەکانیان جێی ڕێزی خەڵکی کوردستانن. جێی خۆیەتی جارێکیتر هەمووومان سەری ڕێز و ستایش بۆ ئەو گیانبەختکردووانە و ئامانجە بەرزەکانیان دانەوێنین و جارێکیتر پەیمانیان لەگەڵ نوێ بکەینەوە کە نەریتەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە دەپارێزین و بۆ بەرز کردنەوەیان بە گیان و بە دڵ تێدەکۆشین.

ئەمڕۆ کە زیاتر لە چارەکە سەدەیەك لە چالاکیی و هەڵسووڕانی ئەو هێزە تێدەپەڕێ و لە هەل‌ومەرجێکدا کە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان گۆڕانکاریی گەورە تێپەڕ دەکات و جارێکیتر شەپۆلی ئازادیخوازی و مەیل بۆ رزگاری، بە هێزێکی فراوانەوە لە ناو کۆمەڵگادا پشتی راست کردووەتەوە، کاریگەریەکانی ئەو هێزە وەك بەشێك لە پێکهاتەی کۆمەڵە، زیاتر لە جاران دەبینرێ و هەڵوێست و رۆڵی داهاتووی کۆمەڵە و هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، بابەتی جێی باسە لە گۆڕانکاریەکانی داهاتوودا.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ساڵڕۆژی دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، بڕیاری درووست و گونجاوی ئەوکاتی رێبەرایەتیی کۆمەڵە بۆ پێکهێنانی هێزی پێشمەرگە دەسەلمێنێ و سوورە لە سەر پاراستن و پەرە پێدان و پەروەردەی هێزی پێشمەرگە لە هەل‌ومەرجی ئێستادا. تا کاتێك دیکتاتۆریەت و سەرەڕۆیی بەسەر ئێراندا زاڵە، تا کاتێك کوردستان میلیتاریزەیە و تا کاتێك دیالۆگی فیشەك بەسەر فەزای سیاسیی کوردستاندا سەپاوە، پێویستیی بوون و پەرە پێدان و پتەوکردنی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و چالاکیی نیزامی و حوزووری ئەو هێزە هەروا بەردەوام دەبێت.

ئێمە گومانمان نیە کە لە خەباتی ئێستا و داهاتووی خەڵکی کوردستاندا، نارەزایی و خەباتی سیاسی، خەباتی مەدەنی و خەباتی فەرهەنگی و رۆشنبیری زیاتر لە پێشوو دەور دەگێڕێ. بەڵام ئەمە هیچ کات بە مانای کەم بوونەوەی بایەخ و رۆڵی هێزێکی چەکداری شۆڕشگێڕ و جەماوەری نیە. هەربۆیە ئامادەکردن، پەروەردە، گەشە و پەرە پێدانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، لە گرنگترین ئەرکەکانمانە. پەرەسەندنی پەیوەندیی ئەم هێزە لەگەڵ خەڵکی کوردستان و لەگەڵ هەموو بەشەکانیتری تەشکیلاتی کۆمەڵە، لە ئەرکەکانیتری دەورەی داهاتوومانە کە دەبێ لە دیاریکردن و دەستەبەرکردنیدا تێبکۆشین.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانین لە ساڵڕۆژی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا، ڕێز لە هەموو ئەو کەسانە بگرین کە لە بەهێزکردنی ئەو هێزەدا تێکۆشاون، یان سەردەمێك لە ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەدا خەباتیان کردووە و بێ‌گومان لە دەسکەوتەکانی داهاتووی ئەم هێزەدا خاوەن رۆڵ و دەور دەبن. بەتایبەت پێویستە جارێکیتر ڕێز بگرین لە هەموو ئەو هاوڕێیانەی لە ریزەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا تووشی کەم ئەندامی هاتوون و پێیان بڵێین گیانبازی، هاوڕێیەتی و خووخدەی بەرزی ئەوان، ڕێنوێنی ئێمە و هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەیە.

بەرز و بەڕێز بێت یادی هاوڕێ
سەعیدی موعینی (خانە) و هەموو
شەهیدانی کۆمەڵە
پیرۆز بێت ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە
مەرگ و نەمان بۆ دوژمنانی ئازادی
بڕووخێ کۆماری ئیسلامیی ئێران

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی
شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی
کوردستانی ئێران
١٨ی جۆزەردانی ١٣٨٤

### *ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە:*

# بە تەحریمی بەربڵاو و چالاکانە، هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری بکەینە شکستێکیتر بۆ دیکتاتۆریەتی ویلایەتی فەقیه

نۆهەمین خولی سەرۆکایەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەل‌ومەرجێکدا بەڕێوە دەچێت کە نەفرەتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەم رژیمە و متمانە لە دەست دان و ریسوا بوونی لەبەر چاوی هەموو جیهان زیاتر لە هەر کاتێك ئاشکرایە. رەوتی ئیسلاحخوازی دەوڵەتی سەردەمێکە هیچ متمانەیەکی پێ ناکرێ و مەبەستی پاوانخوازان لەم هەڵبژاردنە، وەدەرنانیانە لە دوایین سەنگەریان لە دەزگای بەڕێوەبەرایەتیدا، هەتا لەو رێیەوە بتوانن دەسەڵاتی رەها و بێ ئەم لاو ئەولای خۆیان بەسەر هەموو ناوەندەکانی سامان و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا کامڵ بکەن و لەم یەکدەست کردنەوەیەی دەسەڵات و سەقامگیر کردنی پاوانی تەواوی باڵی پاوانخواز، بەربەرەکانێ لەگەڵ قەیرانە نێوخۆییەکان و بۆ رێکخستنی سەرکوتی خەڵك کەڵك وەرگرن.

ئێمە گەلێك جار لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا بە شێوەی جۆراوجۆر رای خۆمان لە بارەی ئەم هەڵبژاردنانەوە بە ئاگاداریی هەموان گەیاندووە و خەباتێکی بەرینی بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردنمان پەرە پێداوە. ئێستا جارێکیتر بە پێویستی دەزانین رایگەیەنین کە لە روانگەی کۆمەڵەوە هەر چەشنە بەشداریەك لە هەڵبژاردندا بە هەر بیانوو و پاساوێکەوە، هەوڵێکی نادرووست و زیاناوییە کە بەرهەمەکەی هیچ نییە بێجگە لە مەشرووعییەت بەخشین بە سیستمی نادیمۆکراتیك و دژە خەڵکیی کۆماری ئیسلامی. پێویستە بە جیدی و بە روونی داوا لە هەموان بکرێ ئەم هەڵبژاردنە لە هەموو ئێراندا تەحریم بکەن. ئەم تەحریمە پێویستە نەك لە رووی بێ تەفاوەتی و نائومێدی، بەڵکوو وەك بزووتنەوەیەکی چالاکی تەحریم و وەك خەباتێکی سیاسی بۆ گەوزاندنی کۆماری ئیسلامی بەرەوپێش بچێت. پێویستە لاوازی و بێ پێگەبوونی سیستمی زاڵی سەرەڕۆیی دینی، بە خۆی و بە کۆمەڵانی خەڵك و بە رای گشتی جیهان نیشان بدرێ. پێویستە بە هەموو هێز و تواناوە لە شوێنەکانی کار و پەروەردە، لە ماڵ و لە شەقامەکان، لە کۆڕ و کۆمەڵی جۆراوجۆردا لە دژی هەڵبژاردن قسە بکرێ. تەحریمێکی گشتگیر و روون، دەبێ مەبەستی هەموو چالاکانی سیاسی ناوخۆی ئێران بێت کە بۆ ئازادی و مافە دیمۆکراتیکەکانی خەڵکی ئێران خەبات دەکەن. دەبێ مۆری ریسوایی لە نێوچاوانی ئەو رژیمە بدرێ کە هۆکاری هەژاری و بێکاری، گەندەڵی، هەڵاواردن، سەرەڕۆیی، دژە ژن بوون، ستەم کردن لە نەتەوەکان و ئەشکەنجە و ئیعدامی باشترین رۆڵەکانی ئەم وڵاتەیە. هەڵبژاردنەکانی نۆهەمین خولی سەرکۆماری، لە هەموو هەڵبژاردنێکیتریی ئەم رژیمە بێ ناوەرۆکتر و گاڵتەجاڕانەتر و هەوڵدانی بۆ دەستەبەرکردنی مەشرووعیەت، لە هەر کاتێکیتر ریسواترە. با بە یەك دەنگیەوە "نا" بڵێین بە دیکتاتۆریەتی ویلایەتی فەقیه و دوژمنانی ئازادی سووك و ریسوا بکەین هەتا هەموو جیهانیش هاواری بەرزی نەیاربوونی ئێمە ببیستن.

ئێمە هەموو خەڵکی ئێران بۆ رەچاوکردنی وەها هەڵوێستێك بانگهێشت دەکەین و لەم پێناوەدا ئامادەی هاوکاری لەگەڵ هەموو هێزە ئازادیخوازەکانین.

خەڵکی کوردستان لە چەند هەڵبژاردنی رابردوودا پەیامی روون و بێ ئەم لاوئەولای خۆیان بە کۆماری ئیسلامی گەیاندووە و سەلماندوویانە کە بە هیچ چەشنێك ئامادە نین لەگەڵ رژیمی ستەم و هەڵاواردن و بێ‌مافی و هەژاری و بێکاری و ئیعتیاد و ئیعدامی سیاسی سات‌وسەودا بکەن و بە چۆڵ هێشتنەوەی بەرینی سندووقەکانی دەنگدان دەنگ بە مەحکووم بوونی رژیمی مافیایی و جەنایەتکاری دەسەڵاتدار بدەن. ئێمە هەموو خەڵکی کوردستان و چالاکانی بوێر و خەباتکار بانگهێشت دەکەین کە زیاتر لە هەمیشە و چالاکانەتر لە پێشوو، بۆ تەحریمی چالاکانەی هەڵبژاردن تێبکۆشن و جارێکیتر تامی شکست بە دوژمنانی ئازادی و مافەکانی گەلی کورد بچێژن.

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی
شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی
ئێران

٢٥ی گوڵانی ١٣٨٤
١٥ی ئەیاری ٢٠٠٥




## • مەرگی دۆستێکی کۆمەڵە

ڕۆژی ١٤ی جۆزەردان کاک ناسری ڕەحمانی تەمەن ٥٠ ساڵ بە هۆی سەکتەی دڵەوە گیانی لە دەس دا. کاک ناسر کەسێکی خۆشەویست و جێی متمانەی خەڵکی شاری دیواندەرە بوو، ئەو کارمەندی موخابرات بوو کە بە هۆی لایەنگری لە کۆمەڵە لە سەر کار دەکرا، بەڵام هیچ کات تەسلیمی کۆماری ئیسلامی نەبوو و هەتا ئەو کاتە کە ماڵئاوایی لە ژیان کرد بە سەربەرزی و حورمەتەوە ژیانی بە سەر دەبرد. ئێمە سەرەخۆشی گەرمی خۆمان پێشکەش بە بنەماڵە و کەس و کاری کاک ناسر دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەم پەژارەیان دەزانین.

## • مەرگی دایکی هاوڕێیەکی گیانبەخت کردووی کۆمەڵە

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە ڕۆژی دووشەممە ٢٣ی جۆزەردان دایە "نوسرەت ڕەسووڵی" دایکی هاوڕێی گیانبەخت کردووی کۆمەڵە "ڕەحیم عەبدینی" خەڵکی داربەسەر سەر بە شاری بۆکان پاش بیست ڕۆژ دەست و پەنجە نەرم کردن لەگەڵ نەخۆشی، سەرەنجام چاوی لێکناو و ماڵئاوایی لە ژیان کرد. دایە نوسرەت وەکوو هەموو دایکێکی کۆمەڵە لە ساڵانی رابوردوودا، لە لایەن ڕژیمەوە بەرەو رووی گەلێك سیاسەتی سەرکوتگەرانە بۆتەوە و هەمیشە دۆست و خۆشەویستی لایەنگرانی کۆمەڵە بوو. ئێمە بە بۆنەی مەرگی دایە نوسرەتەوە سەرەخۆشی گەرمی خۆمای ئاراستەی بنەماڵە و دۆستان و کەس و کاری دەکەین.

## • چالاکی ڕاگەیاندن بۆ تەحریمی کردنی بەناو هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ڕژیم

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە هاوڕێیانمان لە شارەکانی کوردستانەوە بۆیان ڕەوانە کردووین، لە تەواوی شارەکانی کوردستان لایەنگرانی کۆمەڵە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بۆ تەحریم کردنی گاڵتەجاڕی بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری، دەستیان داوەتە هەڵسووڕانی بەربڵاو و مەیدانیان لە دەست، دەست و پێوەندەکانی ڕژیم کە وەکوو توێژێکی بێکەڵك و بە ڕێژەیەکی کەم خەریکی کاری ڕاگەیاندن بۆ ئەم گاڵتەجاڕە، سەندووە و فەزا، فەزای تەحریمی هەڵبژاردنە. لە شارەکانی مەریوان، سنە، سەقز و کامیاران، مەهاباد، دیواندەرە و ...هتد، بەم بۆنەیەوە بە شێوەیەکی بێ وێنە تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵە بە بۆنەی تەحریمی کردنی هەڵبژاردنەوە بڵاو بۆتەوە. لەم شارانەدا لایەنگرانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە جۆرێك مەیدانەکەیان بە دەستەوە گرتووە کە دەڵێی کۆماری ئیسلامی هەر بوونی نەبووە. لە شاری مەریوان تێکۆشەرانی کۆمەڵە هەر لە ناو ڕۆژدا تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵەیان گەیاندۆتە دەستی خەڵك و بە ئاشکرا داوایان لە خەڵك کردووە کە نابێ لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن. شارەکانی کوردستان بە جێگەی ئەوە ببێتە مەیدانی هەڵسووڕانی کاری ڕاگەیاندنی پاڵێوراوانی ڕژیم بۆ سەرۆك کۆماری، بۆتە مەیدانی هەڵسووڕانی لایەنگرانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان کە داوا لە خەڵك دەکەن نابێ بە هیچ جۆرێك بچنە پێی سندووقەکانی دەنگدان. لە شاری سەقز لاوانی شۆڕشگێڕی ئەو شارە بنکەی هەڵبژاردنەکانی "ڕەفسەنجانی و موعین"یان ئاگر تێبەر داوە و وێنەی تەواوی پاڵێوراوانی تریان لە سەر دیوارەکان لێکردۆتەوە.

## • دەرفەتێك بۆ دەربڕینی نارەزایەتی

بە دوای کۆتایی هاتنی یاری نێوان تیمەکانی تۆپی پێی ئێران و بەحرەین، خەڵکی شارەکانی سنە و کرماشان ڕژانە سەر شەقامەکان و دەستیان دایە خۆپیشاندان و دروشمی مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی و مەرگ بۆ پاڵێوراوان و هەڵبژاردن لە هەموو لایەکەوە دەبیسترا. ئەم خۆپیشاندانە بووە هۆی تێکهەڵچوونی نێوان خەڵك و هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم و لە درێژە دا خەڵکی تووڕە و ناڕازی شووشەی چەند بانك و ئیدارە و دام و دەزگای ڕژیمیان شکاند.

## • هەواڵێك لە شاری جوانرۆ

پاڵێوراوانی نۆهەمین دەورەی سەرۆك کۆماری ڕژیم بۆ ئەوەی بتوانن خەڵك بێننە پێی سندووقەکانی دەنگدان، شارەکانی کوردستانیان کردۆتە یەکێك لە ئامانجەکانیان و بۆ ئەم مەبەستەش لە هەر پیلانێك کەڵك وەردەگرن. ماوەیەك لەوە پێش جەلالزادە نوێنەری شارەکانی کامیاران، دیواندەرە و سنە لە مەجلیسی شەشەم، بۆ ئەم مەبەستە چووە شاری جوانرۆ، تا بتوانێت متمانەی خەڵك بۆ لای پاڵێوراوی دڵخوازی خۆی وەدەست بێنێت. بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی خەڵکی تێکۆشەر و وشیاری ئەو شارە هیچ بایەخێکیان پێ نەدا و کەس لە دەوری کۆ نەبووە و لە لایەن خەڵکەوە بایکوت کرا. هەر لە درێژەی ئەم پیلانانەدا، بنکەی تەبلیغاتی ڕەفسەنجانی لەو شارە دەستیان داوەتە بڵاو کردنەوەی وێنەی ڕەفسەنجانی لەگەڵ بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی کە کاتی خۆی پێکەوە گرتوویانە. ئەوان بەمجۆرە دەیانەوێ لە هۆگری خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە سەرکردە کوردەکان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە قازانجی خۆیان و بۆ مەبەستە گڵاوەکانیان کەڵك وەرگرن.

## • خۆپیشاندانی کرێکاران لە شاری سەقز

بە پێی ئەو هەواڵەی کە لە شاری سەقزەوە بە دەستمان گەیشتووە، ڕۆژی ٢٥ی جۆزەردان کرێکارانی نانەواخانەکانی شاری سەقز بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە وادە و بەڵێنە درۆینەکانی شارەداری، دەستیان دایە خۆپیشاندان.

شارەداری شاری سەقز بەڵێنی بە کرێکاران دابوو کە زەوینەکانی دەور و بەری شارەداری دەدات بە کرێکاران، بەڵام بەڵێنەکانی خۆی جێ بە جێ نەکردوە. هەربۆیە ٢٠٠ کەس لە کرێکاران هاوڕێ لەگەڵ بنەماڵەکانیان بە هەڵگرتنی پلاکارد بەرەو بەردەم فەرمانداری وەڕێ کەوتن و لەوێ دەستیان دایە مانگرتن.

## • مەرگی پێشمەرگەیەکی دێرینی کۆمەڵە

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردان کاک "توفیق ئەمانی" دانیشتووی کەرەکی دارسێرانی شاری مەریوان بە هۆی سەکتەی دڵەوە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئەو شارە گیان لە دەست دا. کاک توفیق یەکێك لە پێشمەرگە دێرین و خۆشەویستەکانی شاری مەریوان بوو کە لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، لە ناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا دەور و نەخشی هەبوو.

ئێمە خۆمان بە بەشداری خەم و پەژارەی بنەماڵەی کاک توفیق دەزانین و سەرەخۆشی گەرمیان ئاراستە دەکەین.

## • سەرکەوتن لە باشوور، شایی و خۆشی لە ڕۆژهەڵات

پاش دەست بە کار بوونی پەرلەمانی کوردستان و هەڵبژاردنی بەڕێز مەسعوود بارزانی وەك سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خەڵکی ئەم بەشە لە کوردستان دەستیان دایە شایی و خۆشی و ڕژانە سەر شەقامەکان و پیرۆزباییان لە یەکتر دەکرد.

خەڵکی شاری مەهاباد لەگەڵ بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵە ڕژانە سەرشەقامەکان و دەستیان کرد بە شایی و هەڵپەڕکێ. لە درێژەی ئەم شایی و خۆشییە دا سەدان ئاڵای کوردستان لە ناو جەماوەردا بڵاو کرایەوە. هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیم بۆ بەرگرتن بە خۆشی خەڵك دەستیان کرد بە لێدان و ئەزیەت کردنی خەڵك. خەڵکی قارەمانی ئەو شارەش لێیان وەدەس هاتن و لێدانێکی باشیان لێدان و ناچار بە پاشەکشەیان کردن. لە درێژەی ئەم خۆپیشاندانەدا خەڵك هێرشیان بردە سەر بنکەی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری و تێکیان دا.

خەڵکی شاری پیرانشاریش لە دوای سوێند خواردنی یاسایی لە لایەن بەڕێز "مەسعوود بارزانی"ەوە وەك سەرۆکی حکوومەتی کوردستان، ڕژانە سەر شەقامەکان و هەتا درەنگانی شەو، شایی و خۆشیان گێڕا.

**ژمارە تەلەفۆنی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق:**
**٣١٨٠٢٨٩_٣١٩٠٧٥٢_٠٧٧٠١٥٣٧٤٦٥**
**ژمارە فاکسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق**
**٣١٩٠٧٥٣_٠٠٤٤٧٠٤**
**ژمارە تەلەفۆنی سکرتاریەت_ ٠٧٧٠١٥١٥١٣٤**



## وت‌ووێژی بەشی فارسی رادیۆ ئەمریکا لەگەڵ هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی دەربارەی

# دۆخی سیاسی عێراق و هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران

**ستارە درەخشش:** *لەم بەشەدا داوامان لە بەڕێز عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی کوردستانی ئێران کردووە کە لە ستۆدیۆ حزووریان بێ. وێڕای سڵاو بۆ ئێوە ڕێزدار موهتەدی*

**هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی:** سڵاو بۆ ئێوەش

**ستارە درەخشش:** *دەمەویست ئەگەر ئیزن بدەن بڕێك دەربارەی عێراق بدوێین، دواتر ئەگەر دەرفەت بوو بگەڕێینەوە ئێران. کوردەکان ئێستا لە عێراق دەور و نەخشێکی گرینگ و سەرەکییان هەیە. ڕۆڵی حیزبی ئێوە و خودی بەڕێزتان لە عێراقدا چییە؟*

**هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی:** ئێمە حیزبێکی عێراقی نین. ئێمە حیزبێکی ئێرانین. حیزبی کۆمەڵە حیزبی کوردستانی ئێرانە. ئێمە تەنیا مەقەڕ و ئۆردووگا و نووسینگە جۆراوجۆرەکانمان لەوێیە. ئەوێ شوێنێکە کە ئێمە بەشێك لە پێوەندییەکانمان لەگەڵ خەڵکی ئێران و کوردەکانی ئێران لەوێوە ئەنجام دەدەین.

**ستارە درەخشش:** *هەڵسووکەوتی خەڵکی عێراق لەگەڵ ئێوە چۆنە؟*

**هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی:** هەڵسووکەوتێکی هاوڕێیانە بووە، ساڵانێکە لەگەڵمان هەڵسووکەوتی دۆستانەیان هەیە و ئێمەش ناوەند و مەقەڕەکانمان لە کوردستان واتە باکووری عێراق کردۆتەوە.

**ستارە درەخشش:** *ئەگەر ئیزن بدەن دەربارەی دۆخی ناوخۆی عێراقیش بدوێین. کۆمەڵێك گرفت و کێشە لە نێوان شیعە و سوننەکانی عێراق پێك هاتووە، هەڵبەت چاوەڕوان دەکرا ئەم کێشانە چارەسەر بکرێن، بەڵام وادیارە کە هەروا درێژەی هەیە و شەڕ و ناکۆکی ئەم دوو لایەنە دەستی پێکردووە. ئێوە پێتان وایە چۆن ئەم گرفتە چارەسەر دەکرێ؟*

**هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی:** من لەو بڕوایەدام کە ئەگەر چی سوننەکان لە ژێر گوشاری دەست و پێوەندەکانی حیزبی بەعسی رووخاو و هێزە توندڕەوە ئیسلامییەکان و لە ژێر گوشار هەڕەشەی ئەواندا نەیانتوانیوە یان نەیانویستووە لە هەڵبژاردندا بەشداری بکەن و هەر بۆیەش حەزف کردن و لەبەرچاو نەگرتنیان لە قەوارەی سیاسی عێراقدا بە دروست نازانم و دەبێ بوار بدرێ ئەوانیش بێننە ناو کایەکەوە و لە سیمای گشتی عێراق بتوانن نوێنەریان هەبێ، بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی و زۆرێك لە سەرکردەکانی کورد بە گشتی بۆ ئەم مەسەلەیە تێدەکۆشن. هۆکارێکی‌تر کە دەتوانێ لە کۆتایی هێنان بەم دۆخە کاریگەر بێ، لە راستی‌دا کەم کردنەوە و لە ئاکامدا بنبڕکردنی چالاکییە تیرۆریستییەکانە کە بە داخەوە هەر ئێستا لە عێراقدا ئەنجام دەدرێن و دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم دوو بەشە لە کۆمەڵگای عێراق لە بەرامبەر یەکتردا بوەستنەوە. دەکرێ بڵێین کە هێزە توندڕەوەکان هەوڵی بە ئەنقەستیان بۆ ئەم کارە هەیە و دەبێ بەریان پێ‌بگیرێ. واتە داهاتووی عێراق بەستراوەتەوە بەوەی کە چلۆن بەری ئەم توندڕەوییانەی هەردوو لا بگیرێ.

**ستارە درەخشش:** *بەڕێز موهتەدی ئەگەر ئیزن بدەن بگەڕێینەوە سەر ئێران. ئێوە خۆتان لە زومرەی خەباتکارانی سەردەمی شا بوون و لە سەردەمی شادا بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانتانەوە چەندین جار کەوتوونەتە زیندان. پرسیارێك هەیە کە من پێشووتر لەگەڵ بەڕێز دوکتۆر سەحابیش باسم کردووە، ئەویش سەبارەت بە هەڵبژاردنە لە ئێراندا. دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئەمانە تەنیا مانۆری ڕژیمی کۆماری ئیسلامین. واتە گۆڕین یان ڕەفزی سەلاحییەت یان قبووڵ کردنی سەلاحییەتی هێندێك لە ئیسلاحخوازان و پاڵێوراوانی سەرەکی کە هاشمی ڕەفسەنجانی بێ، روونە. ئێوە ئەم مەسەلەیە چۆن دەبینن؟*

**هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی:** بێ‌گومان دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستێکی باڵای لەم چەشنە مانۆرە فریوکارانەیەدا هەیە، بەڵام من تەواوی ئەم ناکۆکییە ناوخۆییانە تەنیا بە مانۆر یان شانۆیەك نازانم، دژوازی گەلێکی راستەقینەش لە نێوان ئەواندا هەیە. جیاوازی ئەم هەڵبژاردنەی ئێستا لەگەڵ باقی هەڵبژاردنەکانی پێشووی کۆماری ئیسلامی لەوەدایە کە کەسایەتی ناودار و ناسراو بە ئیمزای خۆیان لە ناوخۆی ئێران هەڵبژاردنیان تەحریم کردووە. بە بڕوای من شەپۆلی بەهێزی بەشداری نەکردن و کردنە ئامرازێك بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە پرۆسەیەکی زۆر نادێمۆکراتیکی هەڵبژاردندا زۆرتر لە هەر کاتێکی‌تر ئاشکرا بووە و کەوتۆتە روو. ئاغای موعینیان حەزف کرد کە کاندیدای سەرەکی ئیسلاحخوازانی دەوڵەتی بوو و ئێستا دووبارە پاش داواکردن لە ئاغایی خامنەیی هێناویانەتەوە. مەبەست لەم کارە ئەوەیە کە ئەگەر قبووڵی گەڕانەوەی دووبارەی بۆ لیستی کاندیداتۆری بکات، مانای ئەوەیە کە حوکمی حکوومەتی قبووڵە و بەم جۆرە پاوانخوازان و شوورای نیگابان دەیانهەوێ نیشانی دەن کە ئەوان بوون هێناویانەتەوە و هەر بەم پێیەش لە دوو ئەگەری لاوازدا سبەینێ بوو بە سەرکۆمار بەردەوام ئەوەی وەبیردێننەوە کە ئێوە بەم جۆرە هاتنەوە و ئەگەر نەشیانەوێ لە هەمبەری ئەم هەڵبژاردنەدا دای دەنێن. زۆرێك لە هێزە خوێندکارییەکان لە ئێران بە جیددی داوایان لێ‌کردووە ئەم حوکمە قبووڵ نەکا.

**ستارە درەخشش:** *بەڕێز موهتەدی دەربارەی مافی کەمایەتییەکان دەمهەویست لە جەنابتان پرسیار بکەم، یەکێك لە مافە بنەڕەتییەکانی خەڵك، مافی کەمایەتییەکانە کە بەردەوام لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە پێشێل دەکرێ. دەربارەی کوردەکان راتان چییە و کورد لە چ دۆخێك دایە؟*

**هاوڕێ عەبدوڵڵا موهتەدی:** بەداخەوە سیاسەتێکی پڕ لە هەڵاواردن بەرامبەر بە کوردەکان رەچاو کراوە و دەکرێ. لە بواری بەرنامەی گەشەی ئابووری، لە بواری سەرمایەگوزاری، لە بواری خوێندن بە زمانی دایکی، لە بواری دامەزراندن و وەرگرتنی پۆستەکان، تەنانەت ئاستی بێکاری لە چاوی باقی شوێنەکانی‌تری ئێران لە سەرترە. تەنانەت رێژەی گیرۆدەبووان بە ماددە سڕکەرەکان لە چاو باقی ناوچەکانی‌تری ئێران زۆرترە. لە چاو باقی ناوەچەکانی‌تر گوشاری سیاسی زۆرترە، تەنانەت ئەو رۆژنامانەی کە هاوشێوەکانیان لە تاران ئیزنی بڵاوبوونەوەیان پێ‌دەدرێ لە کوردستان پێیان نادرێ. دۆخێکی زۆر نالەبار و نادروست لەم بوارەدایە و هەڵاواردن لەم بوارەشدا هەیە. تەنیا ئێرانێکی فێدراڵ دەتوانێ هاوپشتی و یەکێتی خەڵکی ئێران بپارێزێ و لە هەمان کاتدا مافی کەمایەتییەکان دابین بکات.

و/ئەردەڵان

- **تەنیا ئێرانێکی فێدراڵ دەتوانێ هاوپشتی و یەکێتی خەڵکی ئێران بپارێزێ و لە هەمان کاتدا مافی کەمایەتییەکان دابین بکات.**
- **سیاسەتێکی پڕ لە هەڵاواردن بەرامبەر بە کوردەکان رەچاو کراوە و دەکرێ. لە بواری بەرنامەی گەشەی ئابووری، لە بواری سەرمایەگوزاری، لە بواری خوێندن بە زمانی دایکی، لە بواری دامەزراندن و وەرگرتنی پۆستەکان، تەنانەت ئاستی بێکاری و گیرۆدەبووان بە ماددە سڕکەرەکان لە کوردستان لە چاوی باقی شوێنەکانی‌تری ئێران لە سەرترە.**



عومەر ئێلخانیزادە ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان:

# خەڵکی ئێران تینووی گۆڕانن

( ١-٢ )

**ئاسۆ : لەسۆران پالانی-یەوە** لەناوەڕاستی ئەم مانگە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لەئێران دەکرێت" ڕێوشوێنی هەڵبژاردنەکەو لیستی پاڵێوراوان و ئەو بەربەستانەی دەسەڵاتداریێتی ئێران دروستی دەکەن لەهەموو جەولەیەکی هەڵبژاردندا جێی باس و خواسی هێزەکانی ئێرانە لەناوەوەو دەرەوەدا. لەولاشەوە ڕۆڵی کوردو ئەگەرو نەگەری بەشداری کردنی لەدەنگدان پرسی یەکەمی هێزە کوردستانیەکانە. عومەری ئیلخانی زادە ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەم دیدارەدا تاوتوێی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی و هەڵوێستی کۆمەڵەو بانگەوازی بۆ کوردان و ڕۆژهەڵات دەکات.

*** پێت وایە دوای سیناریۆی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٧ خەڵکی ئێران جارێکی تر بەشداری هەڵبژاردن بکا؟**

**هاوڕێ عومەر:** بێ گومان نا، لەهەڵبژاردنی ساڵی ٧٦ خەڵکی ئێران وەڕەزبیون لەدەسەڵاتی پاوان خوازان و وەزعیەتێك کە ئەوان خوڵقاندبوویان، ئەوکاتە شەڕی عێراق و ئێران تەواو ببوو ، ئەو بەڵێنانەی کە دابوویان نەهاتنەدی، خەڵکی ئێران بەرەو بێکاری زۆرترو دابەزینی ئاستی ژیان ڕۆیشتبوون، نارەزایەتیەکی گشتی هەبوو بەڵام ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزو ڕێکخراو نەبوو کە بتوانێت دەوربگێڕێت، بۆیەخەڵك تاکتیکێکیان هەڵبژارد کە بەگشتی بتوانن لەدژی ویلایەتی (فەقیە) کارێك بکەن، تەنیا چارەیان لەوەدا بینیوە کە بچنە پشت خاتەمی، خاتەمی بەدروشمی تەوسەعەی سیاسیی، دیالۆگی شارستانیەتەکانەوە هات، خەڵك لایان وابوو کەلەبەرێك بخەنە نێو دەسەڵاتەوە، بۆیە خاتەمی-یەك کەناسراو نەبوو، لەپڕێکدا خەڵکی چوونە پشت سەریەوە. ئەسڵەن هێزێکی بەناو ڕیفۆرمخواز لەنێو دەسەڵاتەوە سەری هەڵدا، بەشێك لەوانە کەسانێك بوون کەپێشتر پێیان دەگوتن "بچەهای خەتی امام" ئەوانەی کە لایەنگریان لەخەتی ئیمام دەکرد، بەشێکی تر لەوانە پێشووتر توندڕەوەکانی ناو کۆماری ئیسلامی بوون، دوای چەندین ساڵ بەو نەتیجە گەیشتبوون کە ئەم حکومەتە ناتوانێ ئاوا بەردەوام بێ و تەردیدیان لەقانوونەکاندا کردبوو، خەڵك لەخوارەوە جاڕزبوون و حازر نەبوون ملکەچی ئەو دەسەڵاتەبن بۆیە لەو جۆرە فەزایەدا، لەنەبوونی ئۆپۆزسیۆنیشدا خەڵك دەستیان کرد بەوەی کە داخوازیەکانیان تەرح بکەن لەگەڵ دەوڵەت وخاتەمیان بەدەنگێکی زۆر هێنایەوە کایەوە کە بەچوار بەرابەر زیاتر لە (ناتقی نووری) بردەوە، لەکاتێکدا هەموو دەسەڵات لەپشت ناتقی نووریەوە بوو، لەڕاستیدا ئەهەمیەتی ئەو هەڵبژاردنە لەوەدا بوو کە خەڵکی ئێران بۆ یەکەم جار بەجمهوری ئیسلامییان گوت "نا"!

خاتەمی شیعارەکەی ئەوەبوو (ئیستقلال، ئازادی جمهوری ئیسلامی)، ئیستقلال و ئازادیەکەی درۆبوون، بەڵام جمهوری ئیسلامییەکەی ڕاست بوو هەتا ئەوڕۆکەش کە خاتەمی مانگێکی ماوە، دژی ویلایەتی فەقیە ڕانەوەستاو تەنیا بە قسە ویستی سەری خەڵکی ڕابگرێ، بەڵام ئەو (نا)یەی کە ئەو کات خەڵك بەکۆماری ئیسلامییان گوت درێژەی پەیدا کرد، ڕۆژنامە هاتنەئاراوە، دەستیان کرد بەنووسین و قسەکردن لەسەر دیموکراسی و پەیوەندی خەڵك و حکوومەت، جیا لەوە بەشێکی دیکەی خەڵکانی ناو دەسەڵات، ئەوانەی کە لەسەرەتاوە لەدام و دەزگاکاندا بوون باسی ئەوەیان کرد کە ویلایەتی فەقیە نادروستە تا گەیشتە ئەوەی مونتەزری داهێنەری ویلایەتی فەقە و ڕەئیسی ئەوەلین مەجلیسی خوبرەگان وتی: من ئەوەم پێشنیار کردووە ئێستا لێی پەشیمانم، چونکە شتێکی نادروستە. لەئەسڵدا دەتوانین بڵێین ئەوە سەرەتای داروخانی ئەخلاقی، فکریی، ئایدۆلۆژی، و فەرهەنگی ئەو ڕەوتە ئیسلامییە بوو کە هاتە سەرکار.

***جەنابت لەقسەکانتدا ئیشارەتت بەوەدا کەباڵی ڕیفۆرمخواز هەر لەنێو دەسەلاتەوە سەری هەڵدا، پێت وانییە کە ئەمە تاکتیکێك بووە بۆ درێژەدان بەڕەوتی کۆماری ئیسلامی لەئێراندا بەشێوەیەکی دیکە؟**

**هاوڕێ عومەر:** دوو لایەنی هەیە، لایەنێکیان بەهۆی شکستی ئەڵترناتیڤی ئیسلامییەوە بوو کە وەك ئەڵترناتیڤێك بۆ بەڕێوەبردن و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی هات، ئیسلاحخوازان ویستیان چارەیەك بدۆزنەوەو ڕیفۆرمێك لەنێو ئیسلامدا بکەن، بەڵام ئەو ڕیفۆرمەیان نەکردو نەیانتوانی بیبەن بۆ بنەماکانی کۆماری ئیسلامی. بۆیەش خەڵك دژیان ڕاوەستان، ئەوان خۆیان بزوتنەوەی خوێندکارانیان سەرکوت کرد. هیچ کارێکیان لەبواری ئابوورییەوە نەکرد ئەوەی پێیان دەوت "تەوسعەی سیاسی" نەیان کرد ڕۆژنامەکانیان دەبەست، وردەوردە بزوتنەوەی خەڵك گەشەی کرد، لەساڵی ٧٦ بەولاوە هەتا ئێستاش داخوازییەکانی خەڵك بۆ دێمۆکراسی، مەدەنییەت، مافی دەنگدان، مافی ژنان، منداڵان، مافی مرۆڤ لەئێراندا تەرح بوو، دەیان کەسایەتی سەریان هەڵدا کەقسەیان دەکردو ڕیفۆرمخوازان نەیان دەتوانی جوابیان بدەنەوە، بۆیە قسەیەکی (سەعیدی حەجاریان) هەیە کەتیۆریزانی ڕیفۆرم خوازان بوو، هەروەها ڕەئیسی ستافی هەڵبژاردنی خاتەمیش بوو، دەڵێ: ئێمە دوو ڕێگامان لەبەرە، یان گوێ دەدەینە دەنگی کوچەو شەقامەکان و لێ دەگەڕێ

ن سەرنوشتی دەسەڵاتی سیاسی لەوێوە دیاری بکرێ کە ئەوە دەبێتە ئینقلاب و هەموومان دەسوتێنێ، یان ئەوەی نا ئێمە معاند دەکەینە موخالیف و موخالیف دەکەینە موافیق. لەبیرمان نەچێتەوە ئاغای ناتقی نووری حەوت ملیۆن و نیو دەنگی هێنا، ئەوانەش بۆ خۆیان وەزنن دەبێ لەگەڵ ئەوانیش بسازێین" بەو قسەیەی تیۆری سازشی ڕێفۆرمخوازان و خاتەمی لەگەڵ ئوسوولگەراکان داڕشت، هەر بەهۆی ئەوەوە کەسانی وەك ئەکبەر گەنجی و بەشێکی تری وەك شەمس الواعزین و کەسانی دیکە لەنێو ڕێفۆرمخوازان کە کاتی خۆی لەئیتلاعات کاریان کردبوو، بەئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشتبوون، ئەوانە وردە وردە هاتن نەقدی کۆماری ئیسلامیان کرد، بەرەو لائیسیتە گەرایشیان پەیداکرد، یانی ئەو کەسەی دوێنێ لایەنگری خەتی ئیمام بوو بەلائیك، گەر لەسەرێ وابوو بوبێ، جا بزانە لەخوارەوە چەندە دێمۆکراسیخوازی و پێشکەوتنخوازی گەشەی کرد،...

**• خاتەمی شیعارەکەی "ئیستقلال، ئازادی جمهوری ئیسلامی" بوو، ئیستقلال و ئازادیەکەی درۆبوون، بەڵام جمهوری ئیسلامییەکەی ڕاست بوو. هەتا ئەوڕۆکەش کە خاتەمی مانگێکی ماوە، دژی ویلایەتی فەقیە ڕانەوەستاو تەنیا بە قسە ویستی سەری خەڵکی ڕابگرێ، بەڵام ئەو (نا)یەی لە کاتی هەڵبژاردنی خولی ٧دا، خەڵك دایان بە کۆماری ئیسلامی درێژەی پەیدا کرد.**

ل٦

**• پێم وایە ئەو هەشت ساڵە نیشانی داوە کە جمهوری ئیسلامی ئیستیحالە نابیٚو دەست لەبنەماکانی هەڵناگریٚ، ئسوڵگەراکان لەسەر ئەو سیاسەتەن و هەر بۆیەش بڕیاریاندا تا خاتەمیو ئەوانیش لەقودرەت وەدەرنێن و ریفۆرمخوازەکانی ئیسلامی ببنە ئۆپۆزسیۆن ئەوەیان پیٚ باشتر بوو لەدەورەیەکی دیکەی کێشەو ململانیٚ. تەماشایان کرد کەئیتر ناتوانن لەگەڵیان بەهیچ جۆرێك بسازێن، بۆیە تەسمیمیان گرت لەهەڵبژاردنی مەجلیسدا، مەجلیسێك وەدەست بگرنەوە بەحوکمی شورای نیگابان و رەهبەریو قانوونەکانی هەر بۆیەش کردیان، مەجلیسیان گرت بۆ ئەوەی دوو ساڵ دوایی سەرۆك کۆماریش بگرن.**

... وەزعی ئابووری ئێران خراپتربوو، باندی مافیایی لەهەموو شوێنێك دروست بوو، ئێستا ئێران ولاٚتێکە کە ٢٧ بەندەری هێنانی کالاٚی هەیە کە گومرك نادا، هەر بەندەرەی هی یەکێك دووان لەئاغازادەکانە و ئەوە وەزعێکی لەئێراندا خوڵقاند کە ئینسیجام لەسەرەوەش نەما، بۆیە بەبڕوای من لەنەتیجەی ئەوەدا پاوانخوازان ئەو جار تەسمیمیان گرت قودرەتو قانوونو مەجلیسی خوبرەگانو قووەی قەزاییو شوورای نیگابان بەدەستەوە بگرن، بۆیە کارێکیان کرد کە مەجلیس بگۆڕن، هەرواشییان کرد.

*** پێت وایە ویلایەتی فەقیە ڕێگا ئەدا کە لەهەندیٚ مەبادیئی خۆیان پاشگەزببنەوەو هەنگاوبنێن، یان ویلایەتی فەقیە گۆڕان نەلەسیاسەتداو نە لەکۆمەڵێك سروتی ئیسلامیدا قبوڵ دەکا؟**

**هاوڕیٚ عومەر:** پێم وایە ئەو هەشت ساڵە نیشانی داوە کە جمهوری ئیسلامی ئیستیحالە نابیٚو دەست لەبنەماکانی هەڵناگریٚ، ئسوڵگەراکان لەسەر ئەو سیاسەتەن و هەر بۆیەش بڕیاریاندا تا خاتەمی و ئەوانیش لەقودرەت وەدەرنێنو ریفۆرمخوازەکانی ئیسلامی ببنە ئۆپۆزسیۆن ئەوەیان پیٚ باشتر بوو لەدورەیەکی دیکەی کێشەو ململانیٚ. تەماشایان کرد کەئیتر ناتوانن لەگەڵیان بەهیچ جۆرێك بسازێن، بۆیە تەسمیمیان گرت لەهەڵبژاردنی مەجلیسدا، مەجلیسێك وەدەست بگرنەوە بەحوکمی شوورای نیگابانو رەهبەریو قانوونەکانی هەر بۆیەش کردیان، مەجلیسیان گرت بۆ ئەوەی دوو ساڵ دوایی سەرۆك کۆماریش بگرن. یەعنی لەئەسڵدا دەوڵەتیشی لەدەست دەرهێنن، هێزی قانوون گوزاریان بەدەستەوەیە، قوەی قەزاوەتو دادوەریان بەدەستەوەیە، قوەی باڵاکە دەوڵەتەو خاتەمی بوو ئێستاش زۆربەی وەزیرەکانی لەئوسووڵگەراکانە چونکە پێیان گۆڕی ئێستا دەیانەویٚ هەمووی بەتەواوی بگۆڕنو ئێستا بەقەولی خۆیان خەیاڵیان بوو دەسەلاٚت یەك کاسە بکەنەوە، ئایا بۆیان نەکراوە؟ من نەتیجەگیریەك کەدەیکەمو لەو دوو ساڵەی مەجلیسی حەوتەمدا، نەخێر نەیانتوانی. ئێستا کێشەمەکێش کەوتۆتە نێوخودی پاوانخوازانو چەند دەستەن، هەر بۆیە رەفسنجانی بەرهەڵستیان دەکاو لەحاڵەتێکدا کە موتەحیدیان بوو، هەربۆیە رەهبەری بۆ خۆی لایەنێکە لەنێو توندڕەوەکانداو موئتەلیفەی ئیسلامی لایەنێکی ترە.

***سەبارەت بەسیاسەتی ئەتۆمی ئێران، ئایا سیاسەتی درێژە پێدانی ئەمرۆکە چ شوێنەوارێك لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئێران دادەنیٚ؟**

**هاوڕیٚ عومەر:** یەکێك لەو شتانەی کە تەئسیری لەسەر ئێران داناو ئەو رەوتەشیان بۆ ناچێتە پێشیٚ واتە پاوانخوازان، نەیانتوانی دەسەلاٚت یەك کاسە بکەنەوەو بیٚ گومان گۆڕانکارییەکانی ناوچەییە، بەگشتی رۆژهەلاٚتی ناوەڕاست ئاوسە، ئاوسی گۆڕانکاری، یەکەم بەحوکمی ناوخۆیی خەڵك لایەنگیری گۆڕانەو وەڕەس بووە لەو حکوومەتە، دووەم بەحوکمی دەرەکی، گلۆبالیزمو زەروورەتی پەرەپێدانی بازاڕی جیهانی ئابوورییە بۆ ئەو ناوچەیە کە ناوچەیەکی پڕپیتو بەرەکەتە وایکردووە کە هەموو کەس هەست بەوە دەکات رۆژهەلاٚتی ناوەڕاست دەبیٚ بگۆڕیٚو قودرەتێکی گەورەی جیهانیش پێی ناوەتە مەیدانەکەو دەڵیٚ من پرۆژەم هەیە بۆ ئەو گۆڕانە، ئەمریکا دوێنیٚ کە دیفاعی لەشێخو شایەکانی رۆژهەلاٚتی ناوەڕاست دەکرد، ئەوڕۆکە خۆی باسی دیمۆکراسیو مافی مرۆڤو هەڵبژاردن دەکات دژ بەدەسەلاٚتدارەکان یەعنی گۆڕانکارییەکە جۆرێکە کە ئەمریکاشی گۆڕیوە یەعنی لەپێویستییەکەوە سەرچاوە دەگریٚو ئەوانەش زەختی کردۆتە سەر کۆماری ئیسلامی، ئەم رژێمە نەدەتوانیٚ لایەنگری بازاڕێکی ئازادی جیهانی بیٚو یان رێگا بدات هەڵبژاردنێکی ئازاد بکریٚ یان هەتا ئەوەی لەعیراقدا کرا بۆی مومکین نییە ئەی باشترین شت چییە؟ ئەوەیە کە لەوەزعو گۆڕانەوە جمهوری ئیسلامی نەتیجەی وەرگرتووە کە دەبیٚ لەدوای شەڕی ئەفغانستانو عیراقەوە بۆمبی ئەتۆمی هەبیٚ، چون تەنیا چارەیەکە کە رزگاری دەکات لەوەی کە بەزۆر بیڕووخێنن.

دەسەلاٚتدارانی ئێران باش دەزانن بەدەست بردنیان بۆ بۆمبی ئەتۆم، کێشەکەیان توندتر دەبێتەوە لەگەڵ ولاٚتانی رۆژئاوا، بەلاٚم ئیتر چارەیەکی تریان نییە خەڵکی ئێران تازە تینوی ئەوەیە کە گۆڕان ببێت دەورەیەك خەڵکیان زنجیر کردبوو بەلاٚم ئێستا تازە دێوەکە لەقومقومە هاتۆتە دەریٚو زۆریش گەورەبووە تازە ناچێتەوە نێو قومقومەکە..

لەوانە گرنگتر مەسەلەی نەتەوەکانە، ئێران ولاٚتێکی چەند نەتەوەیە وهەستی نەتەوەیی وەك هەستێك لەهەموو رۆژهەلاٚتی ناوەڕاستدا پەرەی سەندووە. ئێستا نەك ئێمە خەڵکی دیکە لەئێراندا نووسەر، سیاسەتوان، باسی ئەوە دەکا فیدراڵیزم تەنیا چارەیە بۆ داهاتووی ئێران کە بکریٚ پێکەوە رابگیریٚ.. بەهەموو ئەو دەلائلانە پێم وایە کێشەی ئەتۆمی تەئسیر وەردەگریٚ لەو گۆڕنکاریانەی ناوچەکەو ئێرانی زیاتر پاڵ پێوە ناوە بۆ ئەوەی دەستی بگاتە ئەتۆم، بەلاٚم من وای دەبینم بەئەتۆمیشەوە بەهەموو شتێکی دیشەوە، تازە ئەو رژێمە دەبیٚ بڕوا چونکوو داخوازی خەڵکی ئێرانو بیروڕای گشتی جیهانی بەرامبەر بەوان ئەوەیە.

کەس نییە نەزانیٚ لەدنیادا دوو دەوڵەتی ئیسلامی دروست بوو بە بەرنامەو قانوونی ئیسلام، یەکێکیان دەوڵەتی تاڵیبان بوو، ئەوی دیکە کۆماری ئیسلامی ئێرانە دەوڵەتی ئیسلامی دیکە هەن بەلاٚم لەوانەیە هەموو شتێکیان لەو قانوونەوە وەرنەگرتبیٚ.

ئەوەی کە ئەڵترناتیڤی ئیسلامی و قەوانینێکی تایبەتی فەرزبکا تەنیا ئێران ماوەتەوە، ئەو ئەڵترناتیڤە دەبیٚ بشکیٚ تا ئیسلامی سیاسی وەك ئەڵترناتیڤی گشتی لەناوچەکەدا هەرەس بێنیٚ. ئینجا ئێران ولاٚتێکی گەورەیەو ٧٠ ملیۆنە، نزیك ملیۆنو نیوێك هێزی چەکداری منەزەمی هەیە جا لەوەش خەڵکێکی هەیە وەك میلیشیا، پوڵو قودرەتێکی ئێجگار بەقوەتیشی هەیە لەحاڵەتێکدا کەنەوت گران بووە. هەمووئەوانەی داوەتە تیرۆریستەکان لەفەلەستینو تیرۆریستە ئیسلامییەکان تا دەگاتە عیراق ئەو قسەی کە رەفسنجانی کردی خۆ لەخۆرا نەی کرد، وتی: "گەر مقاومەی مەردمی" "کە بەزەرقاوی و تیرۆریستان دەڵیٚ" لەعیراقدا بشکیٚ، بەمانای شکستی ئیسلامە، گەر ئەمریکا بشکیٚ بەمانای سەرکەوتنی ئیسلامە"و دەڵیٚ: "ئێمە دەبیٚ شەڕی خۆمان لەگەڵ ئەمریکاو لەدەرەوەی مەرزەکان بکەین" ئەوە پەیامێکی زۆر رۆشن بوو بۆ ئەمریکا.

درێژەی ئەم وتووێژە لە ژمارەی داهاتووی شۆڕشدا بخوێنەوە.

**بۆ پێشەوە بەرەو تەحریمی هەرچی ئەکتیڤتری بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێران**

# خانەی کارگەر و شووڕای ئیسلامی کار، ئامرازەکانی بێ مافی کردنی کرێکاران

فەرامەرز سەجیم

ئەگەرچی سیاسەت و بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامی و پەسەندکراوەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و دام و دەزگاکانی تری کۆماری ئیسلامی بە جۆرێك داڕێژراون کە دژایەتی بەرژەوەندی و مافی کرێکارانی ئێران دەکەن، بەڵام گرفت و چەرمەسەریی کرێکارانی ئێران تەنیا ئەمانە نین و هەن نیهاد و دامەزراوەگەلێکی ڕەسمی و دەوڵەتی و حکوومەتیی کە نەك بە شێوەی ناراستەوخۆ و بە نهێنی، بەڵکوو بە ئاشکرا هەڕەشە لە هەموو ماف و داخوازیی و چارەنووسی کرێکارانی ئێران دەکەن. شووڕا ئیسلامییەکانی کار و خانەی کارگەر کە تەنیا ناوی کرێکاریان بەخۆیانەوە هەڵواسیوە و نەك خانەیەك بۆ کرێکاران، شوێنی پیلان داڕشتنن بە دژی کرێکاران، دوو ئۆرگانی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامین کە تاڕادەیەکی زۆر ماهییەتیان بۆ کرێکارانی ئێران روون و ئاشکرایە. ئەم دوو نیهادە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دروست کراون و بەردی بناغەیان بۆ مەبەستی بەرگری کردن لە پێکهاتنی سەندیکا کرێکارییەکان و بۆ کۆنترۆڵکردنی بزووتنەوە کرێکارییەکان دانراوە.

چەند رۆژ لەمەوبەر کۆمەڵێك لە نەیارانی پێکهاتنی سەندیکای کرێکارانی ئۆتووبووسڕانی تاران لە بەرانبەر دەفتەری بەدواداچوونی بووژاندنەوەی سەندیکای کرێکارانی ئۆتووبووسڕانی تاران کۆبوونەوە و تێکهەڵچوونێك لە نێوان ئەم تاقمەی سەربە

**شووڕاکانی ئیسلامی کار و خانەی کارگەر هەر لە سەرەتای دامەزرانیانەوە ئامرازێك بوون بە دەست کۆماری ئیسلامییەوە بۆ پیلان داڕشتن بە دژی کرێکاران.**

خانەی کارگەر و شووڕای ئیسلامی کار لەگەڵ مەنسووری ئەسانلوو یەکێك لە دامەزرێنەرانی پێشووی سەندیکای کرێکارانی ئۆتووبووسڕانی تاران و ژمارەیەك لە هاوکاران و هاوڕێیانی روویدا و گوێ لەمستانی دوو نیهادی ناوبراو بەربوونە گیانی مەنسووری ئەسانلوو و بە توندی برینداریان کرد. سەیر لەوەدایە بەرلەوەیکە ناوبراو بگەیێندرێتە نەخۆشخانە، هێزی ئینتزامی ناوبراویان بە برینداری بردە یەکێك لە پاسگاکان و لێپرسینەوەیان لەگەڵی ئەنجامدا و هەڕەشەی زۆر توندیان لێکرد. بەڵام کەس لە گوڵ کاڵتری بە لات و لووتەکانی خانەی کارگەر و شووڕای ئیسلامی کار نەوت کە وەها دڕندانە پەلاماری ناوبراویاندا. دەستبەجێ و دوابەدوای ئەو رووداوەش، حەسەنی سادقی، سەرۆکی دامەزراوەی شووڕای ئیسلامی کار وتی: هەڵوێست و کردەوەی ئەندامانی ڕێکخراوەکەی دروست بووە، چونکە ئەوان داکۆکی یان لە کییان و بنەما و مافەکانی خۆیان کردووە.

خانەی کارگر و شووڕاکانی ئیسلامی کار دوو دوژمنی سوێند خواردووی کرێکاران و سەندیکا کرێکارییەکانن. سەندیکا کرێکارییەکان هەتا بەر لە راپەڕینی ساڵی ٥٧ چالاکییەکی بەربڵاویان لە ئێراندا هەبوو. بەڵام پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی هەموو سەندیکا کرێکارییەکان لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە هەڵوەشێندران و بەر بە پێکهاتنی هەر جۆرە سەندیکایەکی کرێکاری گیرا و تەنانەت پاش ساڵانێك و هەڵبەت لەژێر زەخت وگوشاردا کۆماری ئیسلامی ئێزنی دا بە پێکهاتنی ڕێکخراوە سێنفییە جۆریەجۆرەکان کە بەشی هەرە زۆری کرێکارانی ئێران لەوەش بێ بەش بوون. رووداوەکەی چەند رۆژ لەوەپێش تاران و پەلاماردانی مەنسووری ئەسانلوو وبریندار کردنی، لە حاڵێکدایە کە وەزارەتی کاری ئێران و ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار (ILO) دوو ساڵ لەوەپێش لەسەر ئەمە ڕێك کەوتبوون کە سەندیکا کرێکارییەکان لە ئێران بەپێی ئیستاندارده نێونەتەوەییەکان پێك بێن و وەك نوێنەری کرێکاران چالاکییان هەبێ. ئەو ڕێککەوتنە پاش ئەوە کرا کە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار یاسای کاری ئێران دایە بەر لێکۆڵینەوە و لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوت کە بەشێك لە یاسای کاری ئێران لەگەڵ بەندەکانی ٨٧ و ٩٧ی یاسای کاری جیهانی ناتەبایە. پاش ئەو ڕێککەوتنە، دەوڵەتی خاتەمی و هەندێك گرووپ و دەستەی کرێکاری کە هەڵبەت بەشی هەرە زۆریان نوێنەرانی راستەقینەی کرێکارانی ئێران نەبوون و هەروەها نوێنەرانی خاوەنکاران، ئیسلاحییەکیان بەپێی بەندەکان ٨٧ و ٩٧ی یاسای جیهانی کار ئامادە کرد کە ئێزن بە پێکهاتنی سەندیکا کرێکارییەکان و هەڵسوورانی ئازادانە و سەربەخۆیی یان دەدا. بە پێی ئەو نووسراوەیە، ئەرك و دەور و نەقش و رۆڵی سەندیکاکان جیاوازە لە ئەرکەکانی شووڕای ئیسلامی کار کە ئێستا لە یاسای کاری کۆماری ئیسلامیدا دەوری بەرچاوی هەیە و سەندیکاکان مافی نوێنەرایەتی کرێکارانیان هەیە و شووڕا ئیسلامییە کرێکارییەکان تەنیا رۆڵی موشارکەتی و راوێژکارانەیان لە کاروباری ریفاهی یەکە بەرهەم هێنەرەکاندا دەبێت. ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار ئەم تەرحەی لەبەرژەوەندی کرێکاران و خاوەنکاراندا زانیوە و رایگەیاندووە کە جێبەجێ کردنی ئەم گەڵاڵەیە بەشێکی بەرچاو لە مافی کرێکاران و خاوەنکاران بەدی دێنێت.

بە پێی ئەم تەرحە ڕێکخراوە سێنفییەکان لە وەزارەتی کاردا تۆمار دەکرێن، بەڵام تۆمار کردنی تەشەککولە سێنفییەکان لە وەزارەتی کاردا نابێتە هۆی دەخالەتی ئەم وەزارەتخانەیە لە کاروباری ئەواندا. ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار دەخاڵەتەکانی وەزارەتی کار لە کاروباری تەشەککولە کرێکارییەکان بە هۆکاری سەربەخۆ نەبوونی تەشەککولە سێنفییەکان دەزانێ.

لە روانگەی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کارەوە، لە ئێران ڕێکخراوی کرێکاریی سەربەخۆ نییە وشووڕاکانی ئیسلامی کار ئێستا خۆیان وەك نوێنەرانی کۆمەڵگای کرێکاریی ئێران دەزانن و وەك نوێنەری ئەوان چالاکییان هەیە، هەر بۆیە ناکرێ ناویان بنرێ ئەنجوومەنی واقعی کرێکاران.

بەڵام سەرەڕای ئەوەکە دوو ساڵ لە ڕێککەوتنی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار و وەزارەتی کاری ئێران تێدەپەڕێ، بەڵام هێشتا چالاکیی سەندیکاکان نایاساییە و وەزارەتی کار هەنگاوێکی بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ڕێککەوتنە هەڵنەگرتووە. هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی رێ و ڕەسمەکانی رۆژی جیهانی کرێکار، گرووپە سێنفییە کرێکارییەکان کە خوازیاری پێکهاتنی سەندیکا کرێکارییەکان و نەمانی دەسەڵاتی شووڕا ئیسلامییەکانی کار و هەروەها خانەی کارگەر و وەرگرتنی موجەووز لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ پێکهاتنی سەندیکا کرێکارییەکان بوون، دەستیان دایە خۆپیشاندان و ئێعترازیان کرد. وێ دەچێ بێدەنگی کاربەدەستانی دەوڵەتی لە بەرانبەر ئەم ئێعترازەدا بیانوویەك بێت بۆ نەیارانی پێکهاتنی سەندیکا کرێکارییەکان و ئەوانیش بکێشێتە مەیدانی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ کرێکاران و دژایەتی کردن لەگەڵ پێکهاتنی سەندیکا کرێکارییەکان. لە هەمانحاڵدا دەوترێ کە خووام سومایا بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار لە داهاتوویەکی نزیك دا سەردانی ئێران دەکا و دەفتەری ئەم ڕێکخراوەیە لە تاران دەکاتەوە. چالاکیی دەفتەری ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار لە ئێران پاش ڕاپەڕین ساڵی ٥٧ بە هۆی تەحریمی ئێران لە لایەن وڵاتانی ئوورووپایی وئەمریکاوە داخرا و کاربەدەستانی ئێرانی لەهەوڵدان ڕەزامەندیی بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کار بۆ کردنەوەی دەفتەری ئەم ڕێکخراوە جیهانییە لە تاران دەستەبەر بکەن. بە ڕای کارناسان کرانەوەی دەفتەری ئەم ڕێکخراوە لە تاران دەتوانێ پێوەندی نێوان ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ وەزارەتی کار و تەشکیلاتی کرێکاری ئێران پتەوتر بکا.

شووڕاکانی ئیسلامی کار و خانەی کارگەر هەر لە سەرەتای دامەزرانیانەوە ئامرازێك بوون بە دەست کۆماری ئیسلامییەوە بۆ پیلان داڕشتن بە دژی کرێکاران و هەمیشە هەوڵیان داوە بزووتنەوە کرێکارییەکانی ئێران بەلاڕێدا بەرن و خۆیان بە خاوەنی ئەو بزووتنەوانە نیشان بدەن. هەروەها ئەم نیهادانە هەمیشە هەوڵیان داوە تەشەنە بکەنە ناو مانگرتنە کرێکارییەکان و مانگرتنەکان بشکێنن و لە گرتن و ئاشکرا کردنی ڕێبەرانی کرێکاری و ڕێکخەرانی مانگرتنە کرێکارییەکاندا دەورونەقشی سەرەکییان گێڕاوە. ئەمە لە قسەکانی حەسەنی سادقی سەرۆکی شووڕا ئیسلامییەکانی کار دەردەکەوێ. چونکە ناوبراو کردەوەی دەست و پێوەندەکانی و لێدان و بریندار کردنی ئاغای مەنسووری ئەسانلوو، یەکێك لە دامەزرێنەرانی سەندیکای کرێکارانی ئۆتووبووسڕانی تاران بە داکۆکییان لە کیان و مافی خۆیان کردووە. واتە کرێکارانی ئێران کییان و مڵکی ئەوانن و ئەوان دەبێ لەحاست کرێکاران و ژیان و گوزەران و داهاتوویان بڕیار دەر بن. کۆماری ئیسلامی لەوە تێگەیشتووە کە چینی کرێکاری ئێران کە بەشی هەرە زۆری حەشیمەتی ئێران پێك دێنن، لە بێعەداڵەتی و نابەرابەری و کەلەبەری گەورەی نێوان هەژاران و سەرمایەداران و سەرەنجام لە دەسەڵاتی نامەشرووعی ئەم رژیمە وەزاڵە هاتوون و ئەم چینە یەکێك لە هێزە سەرکی و گەورەکانی داهاتووی ئێران دەبێ بۆ لەگۆڕنانی تاج و تەختی کۆماری ئیسلامی. ئەوەیکە جێی خۆشحاڵییە ئەوەیە کە بە تێپەڕبوونی کات کەلەبەری نێوان ئەم نیهادانە و بزووتنەوە واقعییە کرێکارییەکان زیاتر دەبێ و کرێکارانی ئێران و کوردستان لە ماهییەتی راستەقینەی کۆماری ئیسلامی و نیهادە بە ناو کرێکارییەکانی تێدەگەن. هەوڵدان بۆ بووژاندنەوە و پێکهێنانی سەندیکای کرێکاری سەلمێنەری ئەم ئیدعایەیە.




# جیهان له دەلاقەی کورتە چیرۆکەوە

و/کوچەر.ز

پتر لە سەدەیەکە کە کورتە چیرۆك جێگای حیکایەتە کۆنەکانی گرتووەتەوە. لەم ماوەیەدا کورتە چیرۆك کە شێوەیەکی نوێی ئەدەبی جیهانییە، ناوبانگێکی زۆری بەدەست هێناوە. (ئەی.بیتس Bates) نووسەری بریتانیایی لە کتێبی (کورتە چیرۆکی نوێدا)، ئەوە دەشوبهێنێ بە هەورێك کە سروشتی گۆڕاوە و بێهەدایە و ناتوانین لێکدانەوەیەکی رەها و یەك چەشنیان بۆ ببێ.

خوێندنەوەی کورتە چیرۆك خوێنەر هان ئەدات بۆ ئەوەی کە ئاستی تێگەیشتنی لە نهێنییەکانی خۆی و دنیای بەرینتر بێ. هەر لەو کاتەوە سەرەتای ژیانی مرۆڤە. هەر ئەوەندەش چیرۆك سەبارەت بە مرۆڤ پێکهاتووە. مرۆڤەکان لە سەرەتای ژیانەوە حەزیان کردووە بە نهێنییەکانی یەکتر بزانن. ئەم کیستەیان بە ئۆستوورە، ئەفسانە، چیرۆك گەلی پڕ شەڕ و ئاژاوە، خەیاڵ و خورافە وەڵام داوەتەوە. بەڵام خەڵك بەردەوام هەڵوێستێکی باشیان بۆ ئەو چیرۆکانە بووە کە راستەقینە و هەڵقوڵاون. چیرۆك گەلێك بە تێگەشتنێکی واقعییەوە و هەروەها کورتە روانینێك بۆ سەر ژیانی خۆمان. چیرۆکەکان سەرچاوەی سوننەتی و زارەکیان هەیە. مرۆڤ بە چیرۆك گێڕانەوە فەرهەنگی خۆی لەگەڵ نەتەوەکانیتر دەگۆڕێتەوە. ئەوان حیکایەت و بەسەرهاتی شەڕە گەورەکان وئازایەتی باب و باپیرانیان دەگێڕنەوە و دەبنە هۆی دڵخۆشی و گەشەی یەکتر. هەر بەم چیرۆکانە توانیویانە میراتی رابردوویان بپارێزن.

لەو کاتەوە کە مرۆڤ چیرۆکی گێڕاوەتەوە، شێوە جۆراوجۆرەکانی چیرۆکیش پێك هاتووە. لە سەرەتادا، شکڵ و شێوەی چیرۆکەکان بۆ زۆربەی خوێنەران گرینگ نەبوو، چونکە مەبەست هەر خۆخلافاندن بوو. ئەم جۆرە چیرۆکانە مرۆڤی هان دەدا کە زۆرتر دەربارەی جیهانی دەورووبەری بزانێ. لە سەدەی ١٩دا شێوەیەکی هونەریتر لە چیرۆك جێگەی چیرۆکی سست و پڕکێشە و رووداوەکانی جارانی گرتەوە. کورتە چیرۆك تارادەیەك شکلێکی ئەدەبی نوێیە کە دەکرێ ئەمریکا وەك زادگەی ئەم شێوازە ناوببەین. نووسەرانی وەکوو "ئاناتئێل هاڤۆرن"، ئۆ.هێنری" و "جەك لەندەن" کورتە چیرۆکی ئەمریکایان رێك وپێك کرد. بەڵام لە ناو نووسەرانەدا "ئیدگار ئالێن پۆ" خولقێنەری سەرەکی چەشنێکی تازەی ئەدەبییە. بە بڕوای "پۆ" کورتە چیرۆك دەبێ لە سەر ئەستوونی خۆی رابوەستێ و پیوست ناکا کە گرێ بدرێ بە رووداوەکانی داهاتوو یان رابردوویەوە. "پۆ" دەیگوت قەبارەی کورتە چیرۆك دەبێ هێندە بێ کە بکرێ لە دانیشتنەکاندا بخوێندرێتەوە. بە بڕوای "پۆ" کورتە چیرۆك دەبێ یەکگرتوویەکی دەروونی ئاشکرای هەبێ. شوێنەوارێکی تاك و تایبەت دابنێت و هەر بەشێکی تیشك بخاتە سەر ئەو شوێنەوارە. لە روانگەی "پۆ"وە ئەم شوێنەوارە بە گشتی هەر ترس و خۆف بوو. (پاییزی ماڵی ئاشەر) زۆر بە جوانی هەوڵی "پۆ" دەخاتە دەر کە دەیهەوێ ئەو قسەیەی خۆی سەربەرێت. کورتە چیرۆك لە جیهانی هاوچەرخدا هۆگری زۆری هەیە. هەروەها کێشەی زۆربەی دەڤەرەکانیتری خستووەتە ژێر چەتری خۆی. ئەم شێوازی لە چیرۆك بە هۆی قەبارەی بچووك و کەمی لە ماوەیەکی کورتدا



دەخوێندرێتەوە. بەڵام بەهۆی خۆشەویست بوون و سەرنج راکێشانی شتێکی دیکەیە. ئەم هۆکارە تاسە و وروژانێکە کە لە سەرەتای گێرەوکێشەوە، خوێنەر دەگەیەنێتە تەشقی چیرۆك و پاشان گرێکردنەوەی چارەسەر کردن. بە شێوەیەك کە زۆرزوو تێکەڵ بە چیرۆکەکە و قارەمانەکانی دەبین. هەواڵێکی وا لە بار دەرخستنی پاش خوێندنەوەی چیرۆك بە مەبەست بووایە هیچ پێویست نەبوو ژمارەیەکی زۆر لەو چیرۆکانە بخوێنینەوە. بەڵام کورتە چیرۆك شتێکە کە جیاواز لە گێڕانەوەی چیرۆك. کاتێ ناچارین شتێك هەڵبژێرین شێوەی گشتی چیرۆك لەگەڵ سەرجەمی کێشە و بارودۆخەکە بە یەك چەشن شوێنەواری خۆی لەسەر مێشك جێدێڵێ. بۆ وێنە چیرۆکی "پەخمە" هەستی ئێمە دەروشێنێ یان کەسایەتی "ئۆلی" لە "جێژنی لەدایك بوونت پیرۆز"دا، ئێمە تووشی بێهیوای و نائۆمێدی دەکات.

بە تاقیکردنەوەی ئەم وروژان و هەستە جۆراوجۆرانە، لە بەرهەمی خەیاڵی کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانی چیرۆکدا، دیسانەوە بارودۆخێکی بێویستی خۆمان ئەزموون دەکەین.

بە دوورکەوتنەوە لە کێشەکە هەست بە جۆرێك متمانە و ئارامی دەکەین و دەتوانین لە حاست کێشەکانی هەموو رۆژەدا، باشترین چارەسەر هەڵبژێرین و بڕیاری سەربەست و لۆژیك بدەین. لە چیرۆکەکاندا زۆر کەسایەتی هەڵبژاردراون بۆ وێنە. زاویەك لە رۆژئاوایی جوان و کۆنەوە، فرۆشەندەیەك کە تەمەنی کەمە و شت دەفرۆشێ، زانایەکی لاوی رەش پێست، منداڵێکی هەتیو لە شەڕی "ئاڵنیا"دا. هەر لەو کاتەدا کە ئەم چیرۆکانە دەیخوێنینەوە بیر لەو کەسانەش

دەکەینەوە کە کاتی خۆی بۆ نووسینی ئەم جۆرە بەرهەمانە تەرخان کردووە. بیر لەو هۆکارانە دەکەینەوە کە روانینی کورت بە سەر ئەم جیهانە خەیاڵییە، شیاوی تێکۆشان دەکەن. ئایا کەسایەتی خولقاو لە چیرۆکدا، شتێکی وەهای تێدایە تا لەو هەڵبژاردنە بکۆڵینەوە کەمافی خۆتانە؟ ئایا لە شێوەی بارهێنانی کەسایەتییەکان لە شکست و بێهیوایی هەولێکی شاردراوەتەوە؟ ئایا رێگایەك هەیە کە تەنیا بۆ یەك چرکە خۆمان لە جیاتی قارەمانەکانی دابنێین تابتوانین لەوان تێبگەین؟ ئەگەر دەتوانین وەرن جیهانی راستەقینە جێبهێڵین و خۆتان لە جیهانی چیرۆکدا نوقم بکەن. ئەو شتە لێك بدەینەوە کە دەبێتە هۆی وروژان و هاندانی کەسایەتییەکانی چیرۆك. لە خۆتان بپرسن بۆ ئەو رێگایە هەڵدەبژێرن؟ هەر چەن ئەو رێگایە دەگاتە رەنج و ئازاری بێئاکامی. وتەکانیان بە دەنگی بەرز بڵێنەوە. لە ماوەی کورتی خوێندنەوەی چیرۆکدا هاودڵی ئەو کەسانە بن کە چیرۆکەکەیان دەخوێننەوە. ئەو کات وەڵام بەو پرسیارانە بدەنەوە کە لە کۆتایی هەر بەشێکدا پێش دێ. هەر لەو حاڵەدا کە خەریکی تێبینی کردنی ئەو شتانە کە لە مێشکدا پارستوویانە، تاك رەهەندانەتر مەبەست و ئەنجامی چیرۆك لێك بدەنەوە. کاتێك بەشێك کۆتایی دێ بیر لە توخمە سەرەکییەکان و نێوەڕۆکی بکەنەوە.

بە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەکان، هاوئاهەنگی لەگەڵ ژیان، بەرەنگاری لەگەڵ ئەو رووداوانەی کە قەت دیاری نەکراون و رووبەڕووبوونەوە و ناکۆکی و سوور بوونی ئاڕەوا. هەر چیرۆکێك چۆن ئەندێشەیەکی تایبەت دەگێڕێتەوە؟ لەم حاڵەشدا چۆن یارمەتیمان ئەدا بۆ تێگەیشتنی ئەم ئیدە؟ ئایا دەکرێ روانگەی جیاوازی دیکەش هەبێ؟ ئایا گشت ئەم پرسیارانە راستن؟ بۆچی مرۆڤەکان وەك یەك بیرناکەنەوە.؟

ئەگەر بەو شوێنە گەیشتین کە لە خۆتان بپرسن_ ئایا ئەم پرسیارانە وەڵامیان هەیە یان نا؟ گەیشتوونەتە قۆناغێکی گرینگ لە ناسینی کەسایەتی خۆتان. لە راستیدا هەمیشە هێندێك سەر لێ شێواوی هەن کەسەر لە مرۆڤ دەشێوێنن. جاری وایە هەر خودی ئەم پرسیارانەش زۆر پرسیاری دیکەش دێننە گۆڕێ. بۆ وێنە: لە بنەڕەتدا کێشە لە سەر چییە؟ بۆچی توندوتیژی هەیە؟ بۆ دەبێ رەنج بکێشین؟ بوونی ئەم پرسیارانە لە سروشتی مرۆڤدا، هۆکاری ئەوەیە کە ئێمە حەز و ویستێکی بەتینمان هەیە بۆ ئەوەی زۆرتر بزانین. تا ئەو کاتەی مرۆڤ زیندووە پرسیاریش هەیە. تا ئەو کاتەی پرسیار هەیە چیرۆکیش هەیە.... ل٩



# تابووتەکانی ئەم ئێوارەیە جگەرەن

مستەفا زاهیدی



بەسە نازیلیٚ!
باسی چی دەکەی؟
چیتر تاقەتی کێشانی هیچ تابووتێکم نەماوە
لێوم مژ هەڵناگریٚ
جگەرەکان بیٚسووتوون.
-:تاکێشانی دوایین تابووت
جگەرە هەیە بۆ سووتان.
لێوەکانم تاقەتیان هەڵناگریٚ
وەرە فلٚچەکەم لە دەس بگرە
تا سووتانی ئەم جگەرەیە
پڕم لە هەرچی تابوونە.چی تابووتە.
نازیلیٚ
مژێکم لە لێوت پیٚبدە
ئەم تابووتانە من دەسووتێنن



ن
ن
ێ
ت
وو
س
ە
د
سووتان لە تەنیاییدا
باشترە لە کێشانی دووتابووت
بە شانیٚ!
من شانم تابووتێکیش هەڵناگریٚ

مژم لە لێوتا
"تەنیا ئۆقرە ناگریٚ"⋆
تا داگیرسانی ئەم شێعرە
من تابووتێکم پڕ لە وشە
X+y=y+X
چت بۆ باس بکەم
نازیلیٚ؟
من لە کۆرسی ماتماتیکیشدا
قوتابییەکی تەمبەڵ بووم
دەرقەتی کۆ کردنەوەی
Xەکان نەدەهاتم.
کێشانی ئەم تابووتانە
تەنگ بە نەفەسم هەڵدەچنن
نووسینی ئەم شیعرە
پڕم دەکا لە تۆ.
من ئەم ئێوارەیە
پڕم لە هەرچیX ە
ئاوێتەم بە هەرچی تۆیە.
تا کێشانی ئەم تابووتە
جگەرە هەیە بۆ سووتان؟
تا سەتانی ئەم جگەرەیە
مژێکم ماوە تا لە ژیان.
دەمکەی بە سووتوو
نازیلی؟

---

## سووریئالیزم

## Surrealisme

ئا:گریان

ئەم شێوازە لە ساڵیٚ ١٩٩٤ی زایینی دا هاتە خولقان. لە مانیفێسدا ئاندرە برێتۆن ئاوا باس دەکا کە: سووریئالیزم بریتییە لە بەیان و بیر هۆشی شاردراوەی مروۋ بیٚ دەستێوەردانی بیر و فام و بیٚ لە بەرچاو گرتنی ئەخلاق و لایەنی کۆمەڵایەتی، هۆنەری، ئەدەبی، رامیاری و... یانی ئازادی بەیانی هەست و ئێحساس بە دوور لە دەستکاری دەسەڵاتی هێزی دەروون و بە بیٚهەست بە تاوانباری و گوناح کردن.

وشەی سووریئالیزم بۆ جاری یەکەم لە لایەن گیوم ئاپۆلینری فەرانسەویەوە بە کار هێنرا، لە پاشان برێتۆن و هاوبیرانی ئەم وشەیان کردە بناغەی ئەم راپەڕینە ئەدەبییە تازەیە، ئەوان بە تەواوی لە سەر ئەم باوەڕەن کە زەین و دەروونی مرۆۋ چییەتیحاڵی ئێمەیە و هیچ شتێك نابیٚ ببێتە هۆی باس نەکردنی، تەنانەت ئەو کەسانەی کە کاری سەیر و سەمەرە و قسەی دوور لە عەقڵ دەکەن، نابیٚ بە شێتیان بزانین و پێویستە روو لە جیهانی راستەقینەکانمان بۆ ئاوەڵا بکریٚ. هەروەها بە گوێرەی ئەم رێبازە خەون و خەیاڵ دوو شتن کە دەبیٚ رێزێکی تایبەتیان بۆ دابنرێت، ئەمانە بۆ پلە و پایەی بەرزی رۆحیی مرۆۋ. ئەوان لە سەر ئەم باوەڕەن کە دەبیٚ جیهان دەروون و بیر و هەڵسووکەوت و خۆگرتن وێران بکریٚ، تا لە کۆت و زنجیری پێشکەوتنیبیٚپایەی ئێستا رزگار بین و هێزە مەزنەکانی دەروونی مرۆۋ بگەنە ئەوپەڕی مەزنایەتی.



---

### *جیهان لە دلاقەی...*

بەشەی یەکەم:

رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کێشەکان

وەزگەی کێشە و گرفت خاڵێکی باشە بۆ دەست پێکردن. چونکە بە راستی ئەم چەمکە جیهانی و هەمەگیرە. دەوڵەمەند و هەژار، لاو و پیر، بەرعۆدە و نەناسراوە، گشت مرۆڤەکان کێشەیان هەیە. هەرکام لە ئێمە دەبیٚ بڕیار بدەین چەندە کێشەکانمان پیٚگرینگ بیٚ و بیری لیٚ بکەینەوە. گیروگرفت دەتوانیٚ ئاسوودەیی، متمانە، بیروبڕوا و تەنانەت سامان ئابووری مرۆڤیش بکێشێتە ئاژاوەوە. هێندێك لە بڕیارەکان زۆر خێرا دەدرێن، هێندێکیتریان بۆ هەڵبژاردن پێویستیان بە زەمان هەیە. بە دوایین لێکدانەوەی خۆماندا هەرکام لە ئێمە دەبیٚ بە پێی ئەزموونەکانمان لەم چەمکانەی وردبینەوە. تا لە تەوژمی بارودۆخە نالەبارەکان و گرفت تاکییەکانی خۆمان کەم بکەینەوە. ئەدەبیات بە چوار شێوە کێشەکانی مرۆۋ دەخاتە روو. A مرۆۋ دژی مرۆۋ .B مرۆۋ دژی سروشت .Cمرۆۋ دژی چارەنووس .D مرۆۋ دژی خۆی.
لێکدانەوەی ئەوەی کە لە هەر بوارێکی ئەدەبیدا چ کێشەیەك دەورو دەبینی گرینگە. چونکە چۆنایەتی ئەو شەڕ و گرفتەیە کە ئاشکرا دەکات چۆن بڕیار بدەین و بەرهەڵستیان ببینەوە.

لەماوەی خوێندنەوەی چیرۆکەکاندا دەتوانن لە نزیکەوە سەرنج بدەن کە خەڵکیتر وەك ئێوەیان چۆن دەگەڵ کێشەکاندا رووبەڕوو دەبن و سەبارەت بە شێوەی بەرەنگاری کردن چۆن بڕیار دەدەن. سەرنجی ئەوە بدەن کە لە هەندیٚ لە چیرۆکەکاندا چەن شێوە ململانیٚ و گێرەوکێشە لە ئارادەیە. بۆ وێنە لە چیرۆکی (بووك دیٚ بۆ یلۆسکان) نووسینی "ئیستفن کرین"دا، "جەك" کەسایەتی سەرەکی چیرۆکە کە لەگەڵ سیٚ جۆرە کێشەدا رووبەڕووە. شەڕ کردن لەگەڵ (سکراچی ویلسۆن) دوژمنی دێرینەی، ئاشنا کردنی هاوسەرەکەی لەگەڵ ماڵی تازە و هەروەها کێشە دەروونییەکانی خۆی.
ئەو زۆرتر لەگەڵ بیروئەندێشەکانیدا خەریکە. ئەم کێشە تاکیەی ئەو زۆرترین سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشیٚ.
هەر لەو کاتەدا کە چیرۆکەکان دەخوێننەوە وەڵامی پرسیارەکان ئەدەنەوە. هەوڵ بدەن تا ئاکاری دەروونی کەسایەتییەکان لە بیر نەکەن و لە زاکیرەتاندا بمێنێتەوە. هەر بەو چەشنە کە بە وردی وەڵامەکان دەنووسینەوە، گشت چەشنەکان کێشە لە هەر چیرۆکێکدا بهێننە بەرچاو. بە شێوەیەك کە بتوانن لە هەر گیروگرفتێك باشترین و بەربڵاوترین بۆچوون و تیٚگەیشتنیان هەبیٚ.

س) گلستانە ١٢

# شەپۆلی بەهێزی تەحریمی نۆهەمین هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێران لە لایەن خەڵکەوە

ئەردەڵان فەرەجی

رۆژی هەینی ٢٧ی جۆزەردانی ئەمساڵ نۆهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئیسلامی ئێران بەڕێوە دەچێ.

بێگومان یەکێك لە رووداوە گرنگەکانی هەر چوارساڵەی وڵاتێك هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئەو وڵاتەیە دەبێ کە لە پرۆسەیەکی دێموکراتیك و ئازاد دا خەڵك بتوانن دەنگ بدەنە کاندیداتۆری خۆیان لە پێناو ئاوەدانی، ئاسایش، باشتر بوونی گوزەران و پێشکەوتنی وڵاتەکەیان بیکەنە سەرۆکی خۆیان. بەڵام ئایا ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیە (نوێنەری خوا لە سەر زەوی) و لە سایەی یاسا کۆن و نەگونجاوەکانیان بۆ ئەم سەردەمە، هەڵبژاردنی سەرکۆمار چەندە لە کەش وهەوایەکی ئازاد و لە پرۆسەیەکی دێموکراتیك و سروشتی دا بەڕێوە دەچێ؟

کۆماری ئیسلامی هەر لە دوای هاتنە سەرکارییەوە بە زاڵ بوون بە سەر فەزایی سیاسی ٢٦ ساڵ لەمەوبەر، هەموو قەوارەی سیاسی و نەتەوەیی ئێرانی دوای رژێمی پاشایەتی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە. خەڵکی ئێران پاش دەیەیەك لە دەمکوت و داپلۆسینی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە ساڵەکانی ٦٠ی هەتاوی‌دا کە لەو ساڵانەدا بە هەزاران کەس لە رۆڵە سیاسی و پێشکەوتنخواز، ئازادیخواز و تێکۆشەرەکانی لە سیاچاڵەکانی رژێمی ویلایەتی فەقیەدا قەتڵ وعام و بێ‌سەروشوێن کران، بە میلیۆن کەس لە شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران و عێراق کوژران، سەرهەڵدانی هەردەنگێك بە ناوی دژایەتی کردن لەگەڵ ئیسلامو ئینقلابی ئیسلام کپ دەکرا و دوای دێمۆدە بوونی ئەو شێوە لە سەرکوت و کەوتنە بەر شەپۆلی بەهێزی پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئێران وەك باقی کۆمەڵگا مرۆییەکان، وای کرد خەڵك پشوویان بێتەوە بەر و دیتمان کە بڕەبڕە بزووتنەوە بزر بووەکان سەریان هەڵداوە. گەشەی سێکولاریزم، سەرهەڵدانی بزووتنەوە خوێندکاری، کرێکاری، نەتەوەیی، ژنان و ... هتاد، وای کرد کۆمەڵگای ئێران بە پێچەوانەی خواستی سەرانی ئەو رژێمە رەوتی بەرەوپێش چوون بەرنەدەن و لە کاروانی پێشکەوتن جێ نەمێنن و لە ساڵی ٧٦دا جارێکی دیکە کۆمەڵگای ئێرانی تا ئاستی تەقینەوەیەکی‌تر برد.

یەکێك لە مژارەکانی تەوەرەی باسی هەڵبژاردنی ئەم دەورەی سەرکۆماری ئێران ئەوەیە کە هێندێك لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێران لەو بڕوایەدان و پڕوپاگەندەشی بۆ دەکەن کە گۆیا فەزای سیاسی ئێران دوو دەستەیە و بە "خراپ" و "خراپتر" دابەشیان دەکەن کە وایە دەنگ نەدان بە "خراپ" دەبێتە مایەی سەرکەوتنی "خراپتر". گومان لەوەدا نییە کە لە نێوان باڵەکانی ناو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ناکۆکی و جیاوازی راستەقینە هەیە بەڵام هەموویان و بەتایبەت دوو باڵی سەرەکی لە پاراستنی کوللییەتی نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا کۆکن و تەنیا لە شێوەی پاراستنی لەگەڵ یەکتر جیاوازن.

لەم بەناو هەڵبژاردنەدا لە درێژەی رەچاو کردنی سیاسەتی یەکدەست و یەك کاسەکردنەوەی دەسەڵات لەلایەن پاوانخوازان و دەرپەڕاندنیان لە بازنەی دەسەڵات کۆماری ئیسلامی‌دا سەرکەوتنی پاوانخوازان شتێکی چاوەڕوان نەکراو نییە و ئەوەی کە بۆ نەهاتنە سەر کاری "خراپتر" دەنگ بدەنە "خراپ"، ئیستدلالێکی کۆن و لە هەمان کاتدا فێڵێکی تاقی کراوەیە.

راستە کە ٨ ساڵ لەمەوبەر بەشێکی زۆر لە خەڵك لە نێوان "خراپ" و "خراپتر"دا "خراپ"یان هەڵبژارد و دیتمان خەڵکی ئێران



وێنەکان بۆ خۆیان لە بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان لە هەڵبژاردندا دەدوێن

بۆ دەنگ نەدان بە "پاوانخوازان" دەنگیان دایە "ئیسلاحخوازان" کە لە خۆی‌دا وەڵامی "نا" خەڵکی ئێران بوو بە سەرجەم هێژێمۆنی و پێکهاتە و قەوارەی رژێمی کۆماری ئیسلامی. ئەو کات خەڵکی ئێران لە نەبوونی ئەڵترناتیڤێك بە جێی "پاوانخوازان" دەنگیان دا بە ئیسلاحخوازان. بەڵام ئەوڕۆکە خەڵکی ئێران و کورد بە تایبەت ئەڵترناتیڤ شك دەبەن و دەتوانن بە رەچاو کردنی سیاسەتی "نافەرمانی مەدەنی" و لە هەڵبژاردنی خۆیان لە دەنگ نەدان و مەشرووعییەت نەبەخشین بە رژێمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی "نا"یەکی بەرزتر بدەنە سەرانی کۆماری ئیسلامی، جا هەر بۆیە ئەمە لێکدانەوەیەکی هەڵە و لە هەمان کاتدا فێڵێکی تاقیکراوەیە.

خاڵێکی گرینگ و جێی سرنج ئەوەی کە تارادەیەکیش ئەم هەڵبژاردنە لە باقی هەڵبژاردنەکانی پێشووی ئێران جیا دەکاتەوە مەسەلەی شەپۆلی بەهێزی بەشداری نەکردنی جەماوەر لەو هەڵبژاردنەدایە.

راستە خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ساڵی پار بە بەشداری نەکردن و یان کەم بەشداری کردنیان خەمساردی خۆیان بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی رژێمی ئیسلامی راگەیاند، بەڵام ئەمجارە دەبینین کە کەسانێکی خاوەن پلە و ناودار و بە ئیمزای خۆیان هەڵبژاردنیان لە ناوخۆی ئێران تەحریم کردووە. خەڵکانێکی زۆر لە ناوەوە بە زمانێکی نزیك لە زمانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات خوازیاری بەشداری نەکردنی خەڵك لەم هەڵبژاردنەن.

لە کوردستانیش کەسانێك بە ناوی "ئیسلاحخوازانی کورد" تێدەکۆشن بە هەر قیمەتێك بێ خەڵك لە کوردستان بەرەنە پای سندووقەکانی دەنگ دان و لە شەڕی دەسەڵاتی دوو باڵی سەرەکی کۆماری ئیسلامی تێوەیان وەردەن، لە حاڵێکدا کە شەڕی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی‌دا هیچ فڕێکی بەسەر خەڵکی کوردەوە نییە. ئەوەی لەبارەی ئەوانەوە دەبێ بگوترێ ئەوەیە، ئەوان لە بەرامبەر خواستی و ئیرادەی خەڵکی کوردستان وەستاونەتەوە و دەبێ وەڵامدەرەوەش بن.

شیاوی ئامارە پێدانە ئەگەر دەبینین لەم هەڵبژاردنەدا زوربەی زۆری کاندیداکانی سەرکۆماری روودەکەنە کوردستان و بەخۆشحاڵییەوە لەگەڵ رەفتاری ساردوسڕی خەڵك بەرەوروو دەبنەوە، لە گۆڕانی دیدی ئەوان بەرامبەر بە کورد سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو ئەوە وەزن وکێشی کوردە کە ئەوانی دەستەوداوێنی خەڵکی کورد کردووە.

کورد لە کوردستانی ئێران ئەوڕۆکە قورسایی و کێشێکی تایبەتی خۆی هەیە. میللەتی کورد خەباتێکی دووروردرێژی سیاسی و نیزامی لەگەڵ رژێمی کۆماری ئیسلامی لە هەنبانەدایە. ئەوە لە لایەك و بێگومان لە لایەکی‌ترەوە کوردستانی باشوور و ئەزموون و سەرکەوتنەکانی ئەو بەشە لە کوردستان کاریگەری حاشاهەڵنەگر و پۆزەتیڤی لەسەر سایکۆلۆژی خەڵکی کوردستانی ئێران هەبووە و ورەی خەڵکی کوردی رۆژهەڵاتی بە چەند قات زیاتر بەرزکردۆتەوە و ئەوەش وا لە کوردی ئێران دەکات ورەیان بێتەوە بەرخۆیان و گەش بین بن بەداهاتوو و هەست بە قورسایی تایبەتی خۆیان نەك هەر لە ئێران بەڵکوو لە ئاستی ناوچەکەشدا بکەن.

لەم دۆخەی ئێستادا بۆ خەڵکی ئێران و بەتایبەت کورد، کە دەبینین گلۆڵەی کۆماری ئیسلامی کەوتووەتە لێژی چوون و نەچوونیان بۆ پای سندووقەکانی دەنگدان دوو پەیامی گەورەی پێ دەبێ. بێگومان بەشداری بەرین و چوونە پای سندووقەکانی دەنگ بە گشتی لە لایەن خەڵکی ئێران و بەتایبەی کوردستانەوە، رەنگدانەوەی زۆر خراپی بۆ میللەتانی ئێران و بە تایبەتی بۆ گەلی کورد لە ناوچە کوردنشینەکان ئەو پارچەیە لە خاکی کوردستان دەبێ.

پەیامەکەی بۆ خەڵکی کورد ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی دەتوانێ روو بە جیهان راگەیەنێ کە مەسەلەی کورد لە ئێران چارەسەر کراوە و تەنیا بە قەرەباڵغ نیشاندانی ناوەندەکانی دەنگدان مەشرووعییەتی لەدەست چووی وەدەست بهێنێتەوە. ئەوەش رێ خۆش دەکات کە بۆ ماوەیەکی‌تر داپلۆسین، خەفەقان، تیرۆر و ئیعدام و بێ‌سەروشوێن کردن، مەشرووعییەت پەیدا کاتەوە.

چوونە پای سندووقەکانی دەنگدان نیشانەیە لە مەشرووعییەت بەخشینی دووبارە بە رژێمێك کە کارنامەی ٢٦ ساڵەی لە سەرکاربوونی پڕە لە بستێنی ئافراندن بۆ هەژاری، سەرەڕۆی، گەندەڵی، جینایەت، هەڵاواردن، رەواکردنی ستەمی نەتەوایەتی، ئەشکەنجە و ئیعدام.

بەڵام نەچوونی خەڵکی کوردستان بۆ پای سندووقەکانی دەنگدان بە رژێمێکی هەڵۆڵ و چۆڵ هێشتنەوەیان "نا"یەکی بەهێزتر دەبێ بە ویلایەتی فەقیە، بە دوژمنانی ئازادی و گەلی کورد.

خەڵکی کورد لە ماوەی رابردوودا و لە چەند هەڵبژاردنێکی پێشووی ئێران برووسکەی رۆشن و بێ‌ئەملاولای خۆیان بە گوێی کۆماری ئیسلامی گەیاندووە. بێگومان لەم ئەزموونەی ئەمجارەشدا خەڵکی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵات بە ناسینی بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان بە چۆڵ هێشتنەوەی ناوەندەکانی دەنگدان، دەنگی خۆیان بۆ گەیشتن بە ئازادی و رزگاری بەرز دەکەنەوە. نیشانی دەدەن کە کێشەی کورد لە ئێران هێشتا چارەسەر نەکراوە و دەتوانن بە تەحریمی بەرین و ئەکتیڤی ئەم هەڵبژاردنە بیکەنە گۆڕەپانێك بۆ شکستی دیکتاتۆری ویلایەتی فەقیە.

# دوایین هەناسەکانی ڕێفۆرمخوازیی دەوڵەتی لە کوردستان

سالار پاشایی
و/ ئاسۆ ئیسلامپەنا

نۆهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێران، بە شێوەیەکی دژی دیموکراتك و لە کەش و هەوایەکی سارد و سڕی کۆمەڵگای ئێران وکوردستاندا بەڕێوە چوو. ماوەی چەند مانگێك بوو کە گرووپ و ڕێکخراوە سیاسیەکانی سەر بە باڵ و بۆچوونی جیاواز، لە پاوانخوازان و ئوسوولگەراکانەوە هەتا ڕێۆرمخوازانی دەوڵەتی و ... زۆربەیان بە دەور و پشتی قەوارەی سیاسی دەسەڵاتدارەوە بۆ بازار گەرمی و هەوڵ بۆ ڕاکێشانی خەڵك بەرەو سندووقەکانی دەنگدان، کەوتنە جموجۆڵ و لە ڕێگەی ڕاگەیەنە گشتییەکان و چاپەمەنییەکانەوە تا ڕادەیەکی زۆر فەزای سیاسیی ئێرانیان خستە ژێر کاریگەرییەوە. لە کوردستانیش لە ژێر کاریگەری ئەو کەش وهەوایەدا، چەشنێك لە پۆلاریزە بوونی بەشێك لەم گرووپانە بەرچاو دەکەوێت کە دەستیان دایە پڕوپاگەندە و سازدانی کۆبوونەوە دەربارەی هەڵبژاردنەکان. لە نێو گرووپەکاندا ڕەوتی ناسراو بە ئیسلاحخوازانی کورد کۆمەڵێك کاریان بە مەبەستی قسە و پڕوپاگەندە کرد کە ڕێفۆرمخوازانی کوردستان لە ئەنجامدا دوای کۆبوونەوەکانیان، گەڵاڵەیەکی ١٥ مادەییان وەك خواستەکانی خۆیان و خەڵکی کوردستان پەسند کرد کە دەربڕی ویستەکانیان بوو لە سەر کۆماری داهاتوو بۆ وەدیهاتنی. بە گشتی ڕێفۆرمخوازانی کوردستان لە هەوڵدا بوون کە ئەمجارە بەشداریی بەناو بەرینی خەڵك لەم هەڵبژاردنەدا مسۆگەر بکەن و سەرکۆماری جێ‌متمانەی خۆیان هەڵبژێرن و لە لایەکی‌ترەوە بە واتای خۆیان، خواست و مافەکانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر بکەن.

ئەوەی لەو ماوەیەدا سەرەڕای بازاڕگەرمیی درۆینە و خۆ هەڵسووڕاندنی باڵە سیاسییەکان و بەتایبەت ڕێفۆرمخوازان چ لە ئاستی گشتی و چ لە ئاستی کوردستاندا بەر لە هەر شتێك سەرنجراکێش بوو، بێ مەیلی و پێشوازی نەکردنی خەڵك و کۆمەڵگایە لەم جموجۆڵانەدا و پڕوپاگەندەی بڵاوکراوەکان و هەمووکردەوە سیاسییەکان، زیاتر لە ناو قەوارەی سیاسیی نزیك لە دەزگای دەسەڵاتدا قەتیس ماوە. بەڵام ڕێفۆرمخوازانی خۆشبینی کوردستان لە کام هەل‌ومەرجدا سووربوون لە سەر ئەوەی خەڵکی کوردستان بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و نوێنەرایەتی مافەکانی گەلی کورد بکەن، شتێك کە تازە بوو بە مێژوویێك لە کارنامەی سیاسی ئەواندا؟ ئەوە پرسیارێکە کە دەبێ لە سەری بچین.

١_ بۆ هەمووان ڕوونە کە کاتێك باس لە ڕێفۆرمی دەوڵەتی دەکریت، ئەوەی بە مێشکی هەمووان دەگات، ئەزموونی شکست خواردووی ڕەوتی ناسراو بە ئیسلاحاتی دەوڵەتییە بە درێژایی ٨ساڵی ڕابردوو، بە ڕێبەرایەتی خاتەمی. ڕێفۆرمی دەوڵەتی ئەو کاتە کاری کردە سەر جەستەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای ئێران، کە زیاتر لە ٢٠ میلیۆن دەنگ چووە پشتی وەها ڕەوتێکەوە کە ڕێفۆرمخوازانی ناو دەسەڵات نوێنەرایەتیان دەکرد. بەڵام بە تێپەڕینی کات، بۆ ڕای گشتی ناوەوە و دەرەوەی ئێران دەرکەوت کە ڕێفۆرمیزمی دەوڵەتی بەو شکڵە و بە مانەوەی ویلایەتی فەقیە و لە چوارچێوەی یاسای داڕێژراو لە سەر بنەما ئیسلامییەکان، نامومکینە و تەنیا فریوێك زیاتر نەبوو. ئەو ڕەوتە هەوڵی پاراستنی یەکپارچەیی ئێران و هێشتنەوەی دەسەڵاتی ئیسلامیی بوو. خاتەمی و هاوڕێکانی نەك هەر نەیانتوانی سەرەتاییترین خواست و داواکاریی چینەکانی کۆمەڵگا وەدی بهێنن، بەڵکوو لەوپەڕی دەستەوەستانیدا، تەنانەت نەیانتوانی دۆستانی نزیکی خۆیان لە هێرشی توندڕەوە پاوانخوازەکان بپارێزن و بەشێکی زۆریان کەوتنە بەر هێرش و گیران و زیندانی کردن و لە سەر کار لابران. بێ ئەرك کردنی دەوڵەت، بێ‌دەور بوونی مەجلیس و بووکە شووشە بوونی خاتەمی، بەرهەمی هەوڵ بۆ ئەو ڕێفۆرمە ناو سیستمیە بوو کە ئیسلاحخوازانی ئێران سەرەڕای پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان، لە پاوانخوازەکانەوە پێیان گەیشت. بەڵام لە کوردستان دۆخەکە لەوە خراپتر بوو، بەو هۆیەی کە ڕێفۆرمی دەوڵەتی لە کوردستان لە ماوەی ٨ ساڵدا هەرگیز نەیتوانی وەك پێویست، پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکات و هیچ کات نەبووە ئەو سەنگەرە سیاسییە کە بتوانێ تەنانەت ئاستێك لە چارەنووس و خواستە واقعییەکانی خەڵکی کوردستان نوێنەرایەتی بکات.

٢_ گۆڕانکارییەکانی دوو ساڵی ڕابردوو لە درێژەی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوکات لەگەڵ فاکتەری ئەمریکا، ڕووخانی بەعس لە عێراق و کاریگەریە ئیجابییەکانی لە کوردستانی عێراق لە دراوسێیەتی کوردستانی ئێراندایە و ڕۆڵ و بەشداریی گرینگی کوردەکان لە پێکهێنانی دەوڵەتی نوێ و کاتیی عێراقدا وسەرەنجام هەڵبژاردنی بەڕێز مام جەلال تاڵەبانی وەك سەرکۆماری نوێی عێراق، گرینگترین ڕووداوە سیاسییەکانن کە لە ڕوانگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە کاریگەریی هەمەلایەنەیان لەسەر خەڵکی کوردستانی ئێران داناوە. بێجگە لەوەش، بزووتنەوەی کورد لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان و لە ژێر خەباتی خوێناویدا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ، بە چەشنێك کە ئیتر لە ئاستی جیهانیدا کێشەیەکی گرینگ و جێی باسە و سەرنجی ڕای جیهانی و دەوڵەتە زلهێزەکانی بەرەو خۆی ڕاکێشاوە. دیالکتیکی نکۆڵی و بەرخۆدان، لە ماوەی ساڵانێکی دوور و درێژدا، بزووتنەوەی کوردی لە هەموو بەشەکاندا بەرەو پێداگریی زیاتر لەسەر شوناس واقیعی و پێشێل کراوی خۆی دەبات کە خەیاڵی دەسەڵات و سەروەرییە بە سەر نیشتمانی خۆیدا لە خواستی فیدراڵیزمەوە بگرە هەتا سەربەخۆیی و بەرەو ئەوە دەڕوات بوونی خۆی بسەلمێنێت و ئەمە ئیتر بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی ناوچەکە بۆتە مەسەلەیەکی بنچینەیی و حاشاهەڵنەگرز بەو پێیە جوگرافیای سیاسیی کوردستانی ئێرانیش لەو گۆڕانکاری و کارتێکردنانە بێ‌بەری نەبووە و نابێت.

٣_ بە ڕوانینێکی ڕاگوزەر بەسەر ڕووداوە سیاسییەکانی چەند ساڵی ڕابردووی کوردستانی ئێراندا، بە باشی لێمان ڕوون دەبێتەوە کە ناڕەزایەتی بەردەوامی خەڵکی شار و دێهاتەکانی کوردستان لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا، لە خۆشی و هەڵپەڕکێوە بگرە هەتا تێکهەڵچوونی ناو شەقام و کۆڵان و هێرش بۆ سەر ناوەندە دەوڵەتییەکان و هێزەکانی ڕژێم و زۆر جاریش تێکهەڵچوونی خوێناوی لە درێژەی ناڕەزایەتی و ئیعترازی چەند ڕۆژەدا، نیشانەی بەردەوامی و زیندوویەتی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرینە کە دوای تێپەڕاندنی قۆناغێکی بەرەنگاریی چەکدارانە و نوشستێکی قورس لە ژێر گوشاری بێ سنووردا و قوربانیدانی زۆر، شێلگیرتر لە ساڵانی ڕابردوو هەستاوەتەوە سەرپێ و لە بەرامبەر سەرەڕۆیی مەزهەبیدا پێداگری لە سەر مافە سیاسی و نەتەوەیی و دێمۆکراتیکەکانی دەکات و بە نیازە بیگەیەنێتە ئاسۆی دێمۆکراسی. لەبەرامبەر دا، پەرچەکرداری سەرکوتگەران لە هەموو بوارەکاندا، بەرخوردی توند و سەرکوتگەرانە و کوشتنی وەحشیانەی تەنانەت کاسبکارانی سەرسنوور و گرتنی بە کۆمەڵی خەڵك و لاوان و ئەشکەنجە و زیندانی کردنیان بووە.... >>>ل١٢



کۆبوونەوەی ئیسلاحخوازانی کوردستان_ فۆتۆ ئاسۆ

... راستییەکی ژناوی کە حاشاهەڵنەگرە و کۆمەڵگای کوردستان بە باشی لێی ئاگادار.

لێرە پێویستە چەند پرسیار لەوانە بکەین کە پشتیوانی پێگە و کاریگەری ڕیفۆرمخوازی دەوڵەتی لە کوردستانن. پاش ٨ ساڵ لە ڕەوتی بەناو ئیسلاحاتی دەوڵەتی، کامە ئیمتیاز و کار لەمەڕ مەسەلەی میللی لە کوردستان کراوە؟ کامە دواکەوتوویی ئابووری و هەڵاواردنی ئاگایەنە، قەرەبوو کراوەتەوە و ڕێژەی هەژاری و بێکاری و ئیعتیاد چەندە کەم بووەتەوە؟ ئاستی ڕوانینی ئەمنییەتی و سووکایەتی فەرهەنگی بە کوردستان، تا چ ئاستێك دابەزیوە و کامە مافی سیاسی و مەدەنی و فەرهەنگی لە کۆمەڵگادا دراوە؟ بە پێچەوانەوە، مەگەر ئیعدامی سیاسی... تەنیا لە کوردستان هەروەك خۆی نەماوە؟ مەگەر چاپەمەنییەکان و ڕۆژنامەوانان و کەسایەتیە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بە دووقاتی بەشەکانی تری ئێران لە ژێر گوشاری دەزگای قەزایی و دادگاکانی ڕژیم لە کوردستاندا نین؟ مەگەر هەر ئێستا سەرەتایی‌ترین ماف و ئازادییە تاکەکەسی و گشتیەکانی خەڵکی کوردستان پێشێل نەکراوە؟ ئایا دەوری دووهەمی ئیسلاحات و بە هێزکردن و بەرەو پێش بردنی ڕەوتی دێموکراتیزە کردنی کوردستان کە ئەو جەنابانە باسی دەکەن، لە سەر ئەو بەستێنانە بەڕێوە دەچێت؟ بەراستی دوای ٢٦ ساڵ لە دەسەڵاتی سەرە ڕۆیی مەزهەبی، ئێستا دەبێ مافە واقیعیەکانی خەڵکی کوردستان بەرتەسك بکرێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی مادەی ١٢ و ١٥ی یاسای سەرەکی کە بەرەی پێشوو پەسند کرد، و بەشداری پسپۆڕان و مودیرانی کورد لە سەرەوەی بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت وەك خواستی سەرەکی خەڵکی کوردستان فورمۆلە بکرێت کە ڕوون نییە. چ پاڵپشتێك هەیە بۆ وەدیهاتنی؟ ئەوەش لە لایەکی‌ترەوە کە جەنابانی ئیسلاحخوازی کورد لە بەیاننامەکانیاندا، خەڵکی کورد وەك "کۆمەڵگای سونیەکان" ناو دەبەن و بەمجۆرە هاوڕێ لەگەڵ فاشیزمی دەسەڵات داری دینی ڕێ دەبڕن و لە هەوڵی ئەوەدان کە ئاگایانە، خواستی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بۆ ئاستی کێشەیەکی مەزهەبی دابەزێنن و ئەو لایەنەی کێشەکە زیاتر زەق بکەنەوەو لەوانەش لە قسەی بەرپرسانی دەسەڵات (قەمگەرا و جیایی خواز) دەترسێن کە وەها زمان و ئەدەبیاتێکیان گرتووەتە بەر.

***ڕێگە چارەی کەم خەرج!!!***

لەو نێوانەدا چەند ساڵێکە ژمارەیەك لە ڕیفۆرمخوازانی کوردستان دەستیان داوەتە ڕەخنەی توند لە دەورەی پێشووی بەرەنگاری لە کوردستان و ئەمجارەشیان بەشێك لە گرفتەکانی ئێستای خەڵکی کوردستان بە ئەنجامی بزووتنەوەی چەکدارانەی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان وشێوەی کارکردنی ئەوان دەزانن و بە زمانێکی سەرزەنشتەوە، ئامۆژکاری ئۆپۆزیسیۆنی کورد دەکەن کە ڕێگە کەم خەرجەکە هەڵبژێرێت و هەروەك ڕیفۆرمخوازان، وەها ڕێبازێك بگرێتە بەر. گاڵتەجارانیە کە ئاڵاهەڵگرانی ئەم تێزە یان دەبێ لە مێژوو بێ‌ئاگا بن، کە ئاوەها یەك لایەنە چەواشەی دەکەن و خۆیان بە دڵسۆزی خەڵکی کوردستان دەزانن: یەکەم ئەوەی کە کەس ناڵێت حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لەو کاتەدا دوور لە هەڵ بوون، دووهەم ئەوەی کە لەو ڕوانگەیەوە ڕوون نییە بۆچی دەوڵەت لە تاوانی لەشکر کێشان بۆ کوردستان و هەموو کارەسات و جەنایەتەکانی پاك کراوەتەوە و بەرەنگاری چەکداری خەڵکی کوردستان کەلە ڕاستیدا پەرچەکردارێك بوو بۆ وەحشیگەری و میلیتاریزمی داگیرکەرانەی ڕژیم وبۆ سەر کوردستان و مافەکانی گەلی کورد، مەحکووم کراوە؟ سێهەم، ئەو سەردەمە مێژووییە دیاریکراوە چ پەیوەندیەکی بە ئێستاوە هەیە کە زۆربەی پێوەرە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان گۆڕاوە و بە پێی هەل و مەرجی نوێ دەڕوات؟ کامە ڕەوتی سیاسی، لە ئێستادا وەها ڕێگایەك پێشنیار دەکات کە بۆ هەمووان ڕوونە کە بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لە ناو جەرگەی کۆمەڵگای کوردستاندا بەرەو ئەوە دەڕوات کە جیا لە هەرچەشنە لادانێك، بە لە بەرچاو گرتنی ئەزموونەکانی ڕابوردوو، خواست و داواکاریەکانی خۆی لە ئاستی کۆمەڵانی خەڵکدا، بهێنێتە ئاراوە و کاناڵیزەی بکاتەوە؟ بە بڕوای من ئەگەر تەنیا بەشداریی گشتی لە هەڵبژاردنێکدا کە ڕاستە وخۆ مەشرووعیەت بەخشێن بە سیستەمی دەسەڵاتدارە، ڕێگە چارەی کەم خەرج بێت و بەپێچەوانی ڕێگای پڕمەترسی و گران، بێ‌گومان لە باری سیاسییەوە تاوتوێیکی نادرۆست و نامەنتقییە و بە هەموو ئەو شتانەوە کە لە سەرەوە باس کرا، لە ئەنجامدا ڕێگای هەمووان، یەك ڕێگایە و ئەویش ئەوەی ئێستای ڕیفۆرمخوازانی کوردستانە لە سەردەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری‌دا، کە دەبێ بڵێین بەراستی دوای تێپەڕ بوونی هەموو ئەو ساڵانە، هێشتا لە ڕاستیەکان تێنەگەیشتوون. بە بڕوای من کاتێك باس لە بەشداری نەکردن یان تەحریمی هەڵبژاردنێك دەکرێ، بە پلەی یەکەم ئەوە مافی بێ‌ئەملاولای هەر تاکێکە بەشداری تێدا بکات یان تەحریمی بکات، دووهەم، بە پێچەوانە هەلپەرستانە نمایش کردنی هەر سیمایەکی پاسیفیزمی لە هەڵوێستی تەحریم، خەڵك دەبێ لە وەها هەڵبژاردنێکدا، تەحریمی چالاکانە و ئەکتیڤ ڕەچاو بکەن و بە بوێری و ئازایەتیەوە و لە درێژەی هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسیە ئاشتی خوازانەکانی تریان، بۆ تەحریم و کردن و پڕ وپاگەندەبۆ کردنی تێبکۆشن.(کە هەر وەکووچاوە ڕوان ئەکرا بە بەربڵاوی لە سەرتاسەری کوردستان تەحریم کرا) بەڵام ئایا بەراستی ڕژیم، بە هاسانی ئیزنی ئەم چەشنە حەرەکەتانە بە خەڵك دەدا؟ بێ گومان وەها ئیزنێك نادات و بە خێرایی و لە پێشەوە، تەنانەت هەر ماوەیەکی کورت لەوە پێش ژمارەیەك لە کەسەکانی خۆشیان کە ناڕازینو لە هەوڵی تەحریمی هەڵبژاردندا بوون، لە لایەن کەسانی وەك یوونسی وەزیری ئیتلاعاتەوە، بە هەوڵ بۆ ڕووخاندنی ڕژیم و خەیانەت لە دژی دەوڵەت تاوانبار کران و دەرەنجامیشیان ڕوونە، چ بگات بە خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان.

- ***دواوتە:***

بە بڕوای نووسەر، لەم قۆناغە هەستیارە مێژووییەدا کە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران و کوردستان لە بەردەم گۆڕانێکی سیاسی دایە و هەل و مەرجی سیاسی سات بە سات لە گۆڕاندایە، پێویستە ڕیفۆرمخوازانی لەم ئەزمونە دەرس وەربگرن و ئەم خاڵەنەش بە باشی بزانن:

١– ئەگەر باڵەکانی دەسەڵات لە ئوسولگرا و پاوانخوازەوە هەتا ڕیفۆرمخوازانی دەوڵەتی، لەم قۆناغەدا و دوای تەواو بوونی ٨ دەورە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە مێژووی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا، بەشی زۆری پڕۆپاگەندەی خۆیان خستە سەر کوردستان، هیچ شتێك نەبوو بێجگە لە بە خزمەت گرتنی عەقڵانیەتێکی ئامێری و سوود وەرگرتن لە دەنگی کوردەکان بۆ مەشروعیەت بەخشینی زیاتر بە ڕژیمەکەیان.

٢–ئەزموونی ساڵانی دوور و درێژی ڕابوردوو، سەلماندوویەتی کە جۆری ڕوانینی هەموو باڵەکانی ناو دەسەڵات نەك هەر لە ڕابوردوو و ئێستادا، بەڵکوو ئەگەر هەموو دەسەڵاتی داهاتووش لە لایەن باڵێکەوە پاوان بکرێت، بە نیسبەت جوگرافیای کوردستانەوە گۆڕانێکی بنچینەیی بە خۆیەوە نابینێ و مافەکانی گەلی کورد کە لە ڕاستیدا مەسەلەیەکی تەواو سیاسی و خواستی مافی چارەی خۆنووسینە بۆ خەڵکی کوردستان، لە لایەن هیچ کام لە باڵەکانی کۆماری ئیسلامیەوە وەدی نایەت و تەنیا خەون و فانتازیایەك زیاتر هیچی‌تر نیە ئەگەر چاوەڕوانی دەستەبەر بوونی مافەکانی خەڵکی کوردستان لە لایەن ڕژیمەوە بکرێت.

٣– هەموو بەڵگە و ڕووداوەکان باس لەوە دەکەن کە لەم دەورەیەی هەڵبژاردندا، زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان ئامادە نەبوون لە وەها هەڵبژاردنێکدا بەشداری بکەن و یان بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان. هەر لە بنەڕەتەوە کۆمەڵگا و بزووتنەوەی زیندووی کوردستان مەیل و خواستێکی بۆ وەها جم و جۆڵێکی سیاسی نییە کە لە لای هەمووان مەشرووعیەت دەبەخشێت بە کۆماری ئیسلامی. عەقڵانیەتی سیاسی دەیسەلمێنێ کە نە یەکپارچە بوونی دەسەڵات و نە چەند پارچە بوونی، لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا نییە و ڕیفۆرمخوازانی کوردستانیش ئەگەر لەم سەردەمەدا بە پێچەوانەی کۆمەڵگا بڕۆن، بێ‌گومان لە ئێستا زور زیاتر تەریك دەکەون و جێ دەمێنن.

٤– هەر وەکوو چاوەڕوان دەکرا، بینیمان لە یەکەم هەنگاوی ئاکامی ئەم دەورەیەی هەلبژاردانـدا، چۆن پەروەندەی ڕەوتی ریفورمخوزای دەولتی لە کۆمەڵگای ئێران بە حەزبی موعین(کاندیدای بەشێکی زورلە ئیسلاحخوازان و بە تایبەتی ئیسلاحخوازانی کوردستان) لەلایەن مافیای دەسەڵاتدارانی سەرەروی ئێرانەوە بۆهەمیشە بەستراو کوتایی پێهات و بچکوترین ئاسۆیەکی گۆڕانی ناوسیستمی بۆیان نەهێشەوە.

خاڵی کۆتایی، ئەوەی کە ئەگەر مەیل بۆ عەقڵانیەت، ئازادی و دێمۆکراسی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردستان بە تایبەت لە ناو چینی زەحمەتکێشدا دەبینرێ، پێویستە نوخبەی سیاسی و فیکری کۆمەڵگا، لە ئاراستەی ڕەوتی ڕاستەقینەی سیاسی–کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردستاندا، یارمەتیدەر و ڕێنوێنیکەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لەم برگە مێژووییە گرنگەدا بێت و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بە بێ کەمترین ترس لە سەرکوتگەرانی دەسەڵاتدار بنوێنێ. بزووتنەوەی ئازادیخوازانە و دێمۆکراسی خوازانەی کوردستان، ساڵانێکە هەوراز و نشێوی خەباتی تێپەڕاندووە و حیزبی سیاسی خۆی هەیە و هاوکات ڕێخۆشکەری سەرهەڵدانی ڕەوت و ڕێکخراوی نوێی دێمۆکراسیخوازە کە لە خۆیدا هێمای فرەچەشنی و خواستی سەقامگیر بوونی پلۆرالیزمێکی سیاسی و فیکری لە حاڵی گەشە دایە. بێ گومان بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی چینەکانی کۆمەڵگای کوردستان وەك هەر کۆمەڵگایەکی‌تر ڕێگای ڕاستەقینەی دێمۆکراسیخوازی دەبڕێ و لە بنچینەیی کردنەوەیدا تێدەکۆشێ.

# باشترین هەل بۆ دەنگی ناڕەزایەتی

فەریبا محەمەدی

بە نزیك بوونەوە لە هەڵبژاردنی سەر کۆماری ئێران جارێکیتر سرنجی بیرو ڕای گشتی بەرەو لای ئێران رادەکێشرێ. هەڵبژاردنی ئەمجارە، لە کاتێکی زۆر حەساسدا بەرێوە دەچێت کە رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران زیاتر لە هەر کاتێکیتر تەریك و ریسوا بووە و ئیتر خەڵك بە ئاشکرا باس لە تەحریمی هەڵبژاردن دەکەن.

کۆمەڵێکی زۆر لە نووسەران، رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان رایەنگەیاندووە کە لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری ناکەن و بە هەڵبژاردنێکی نا دێمۆکراتیك ناوی لێدەبەن. باڵی ئیسلاحخوازی رژیم بە لە دەست دانی ئاخرین سەنگەری هیوا و ئۆمێدەکان، ریسواتر دەبن و پەلە قاژەکانیان بە هیچ کوێ ناگات.

بەڵام ترس لە بەشداری نەکردنی خەڵك و تەحریمی هەڵبژاردن، رژیمی وەخۆ خستووە، تاکوو بە هەر شێوەیەك بووە خەڵك بێننە پێی سندووقەکانی دەنگدان.

پاڵێوراوانی هەڵبژاردنی سەر کۆماری، بە وادە و بەڵێنی درۆ بە لاوان، ژنان و بە گشتی بە هەموو خەڵك دیانهەوێ جارێکی تر مەشرووعیەت بە رژیمی کۆنە پەرستی ئیسلامی بدەن. لەو نێوانەدا ژنان وەکوو نیوەی کۆمەڵگا بەشداری کردن یان نەکردنیان لەم هەڵبژاردنە، زۆر گرنگ و چارە ساز دەبێت.

ئەوە شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە حزووری ژنان لە هەر ئاڵوگۆر و هەڵبژاردنێکدا، دەتوانی زۆر کاریگەر بێت. بە درێژایی تەمەنی نگریسی کۆماری ئیسلامی، ژنان ئازاریان بینیوە و لە ژێر یاسا سەدە ناوەراستیەکانی کۆماری ئیسلامیدا، تاڵترین رۆژەکانیان تێپەراندووە.

بەردی بناغەی ئەم رژیمە لە سەر بێمافی و ئاپارتایدی جینسی دانراوە و لە چواچێوەیماڵەوە بگرە هەتا حزووری ژنان لە کاروباری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی، دەیان کۆسپ و تەگەرەیان داناوە. لە قانوونی ئەساسی رژیمی کۆماری ئیسلامیدا، بە ئاشکرا ژنان لە مافە سەرەتاییەکانیان بێبەش بوون . بە هەزاران ژن لە یەکەم رۆژەکانی دەسەڵاتداریەتی ئەم رژیمە و بە پێی قسەی خۆمەینی لە سەر کار دەرکران و لە ژێر ناوی خەبات لە دژی فەساد و فەحشا خرانە سووچی ماڵەکان.

سەدان ژن بە هۆی گوێ نەدان بە یاساکانی ئەم رژیمە، زیندانی و ئەشکەنجە و ئیعدام کران.

هەموو شتێك بۆ ژنان قەدەغەیە و بە گشتی لە دۆخێکی نالەبار ژیان بەسەر دەبەن.

هەر چەن ژنان لە ئێران بێدەنگ نەبوون و لە دژی کۆنەپەرستی و فەرهەنگی پیاوسالاری خەباتیان کردووە، بەڵام یاسا و دەسەڵاتدارانی ئەم رژیمە گەورەترین کۆسپ بوون لە سەر رێگای گەشە کردنیان.

لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی و لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ئێران، کە خاتەمی بۆ دەرباز بوونی رژیم لەو گیروگرفتانە، بە کۆمەڵێك بەڵێن، توانی رای خەڵك بەرەو لای خۆی راکێشێ و ژنانیش وەك بێ بەشترین توێژی کۆمەڵگا، بە بەشداری هەڵبژاردن، نیشانیان دا کە تینوی ئاڵوگۆڕ لە ژیانیاندان، بەڵام دەسەڵاتداری خاتەمی و باڵی ئیسلاحخوازی ناو دەسەڵات لە ماوەی ئەم هەشت ساڵە، روونی کردۆتەوە کە رژیمی کۆماری ئیسلامی و قانوونە ئەساسییەکەی قابیلی ئیسلاح نییەو رێفۆرم شتێکی بێمانایە. ئیسلاحخوازان نەتەنیا نەیانتوانی هیچ ئاڵوگۆڕێك لە ژیانی خەڵك بەگشتی و ژنان بەتایبەتی پێك بێنین، بەڵکوو




پارێزەری یاسا دواکەوتۆکانی کۆماری ئیسلامین. بەڵگەی روونی ئەم راستییە نەبوونی کاندیدای ژنانە بۆ پۆستی سەرکۆماری.

رژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەك تاقی کراوەتەوە و وەڵامی ئەم تاقیکردنەوانەش ئەوە بووە کە رژیمی ئیسلامی رژیمی توتالیتێر و دیکتاتۆر و ئیسلاحات تێیدا بێمانایە.

٢٦ ساڵ دەسەڵاتداریەتی ئەم رژیمە بێجگە لە نەهامەتی و نەداری، فەساد و فەحشا، ئیعتیاد و گرانی و رۆژ رەشی، ئیعدام و زیندانی کردنی خەڵك هیچیتر نەبوو. بێگومان رۆڵی ژنان لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو لە ئێران زۆر گرینگە و بە بێبەشداری ئەوان لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا، دێمۆکراسی و ئازادی مومکین نییە.

ژنان دەبێ بە باشی رۆڵی خۆیان بناسن و لەو هەڵبژاردنانەدا کە هیچ دەسکەوتێکی بۆوان تێدا نابێ بەشداری نەکەن. هەر وەك دەزانین رژیم بە هەموو باڵ و پۆست و ئۆرگانێکەوە دژی ژنە و هیچ شتێك لە ژیانی ژناندا ناگۆڕدرێ.

هەر جۆرە بەشداری و هاوپشتیەکی هەڵبژاردن، سەرکوتکاری و خنکاندنی ئازادییە. دەنگدان بەم رژیمە، دەنگدانە بە کۆیلەتی ژنان. ئەوان دەبێ بە تەحریمی یەك دەنگ، دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان بە گوێی جیهان بگەیەنن.

تەمەنی ئەم رژیمە روو لە کۆتاییە و بە تەحریم کردنی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری، مەرگی رژیم نزیك بکەینەوە.

نیوەی کۆمەڵگای ئێران کە ژنانن دەبێت لەم هەڵبژاردنە کەڵك وەرگرن و هاواری خۆیان لە دەست بێ مافییەوە بەرز کەنەوە.

***

## ئیمەیلی چەند کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە

ئەبووبەکر ( سیامەك ) مودەریسی:
s.modarresi@komala.org

عومەر ئێلخانیزادە:
omar.elkhani@komala.org

عەبدوڵڵا موهتەدی:
abdulla.mohtadi@komla.org

رەزا کەعبی:
r.kaabi@komala.org

# لە پەراوێزی ململانێی باڵەکانی ناو دەسەڵاتی ڕژیم، لە کوردستان

وریا محەمەدی
و/سمکۆ نووری

هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران بەڕێوەیە.بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە چوار ساڵی رابوردوودا لە ناوچەکە هاتووەتە ئاراوە، هەل و مەرجێکی جیاوازی لە مەیدانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە گشتی و لە ئێران پێك هێناوە کە هەل و مەرجی جموجۆڵە سیاسییەکان و هەروەها جێگۆرکێی دەسەڵات لە نێو کۆماری ئیسلامی ئێران داخستووەتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ئێستا لە حاڵێکدا خولی نۆهەمی بەناو هەڵبژادن نزیك دەبینەوە کە دەسەڵاتداران و سیاسەت داڕێژەرانی ئەم ڕژیمە لە ماوەیەك لەوە پێشەوە لە گیرو گرفتەکانیان دەکۆڵنەوە و بە خەیاڵی خۆیان ڕێگە چارەیەکیان بۆ بەدی کردووە.

یەکێك لەو شوێنە گرینگ و ستراتێژیکانە کە ئێستا چووەتە ناوەندی بایەخەکانەوە، ناوچە کوردنشینەکانە،

فەرهاد ئەمین‌پوور لە ژمارەی ٣٠ی بڵاوکراوەی "ڕۆژهەڵات"دا سەبارەت بەم بارودۆخە ئاوادەڵێت: ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی مانگەکانی رابوردوو لە کوردستان و تێهەڵکێشی ئەم مەسەلەیە لە گەڵ ئاڵوگۆڕ و ڕووداوە سیاسییەکانی عێراق تا ڕادەیەك کاریگەری بووە کە هەندێك لە کارناسانی بەم دەرئەنجامە گەیاندووە کە کوردستان ئاکامی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری لە ئێران، دیاری دەکات. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم وتانە هەڵگریێ هەندێك ڕاستییە، بەڵام جیاوازی نێوان ڕاستییەکان و چەواشەکاری، کاتێك خۆی دەردەخات کە بزانین کارناسانی ئەوان، چییان بەدی کردووە کە خێرا ئاوای لێکدەدەنەوە؟ وەڵام دانەوە بەم پرسیارە پێویستە و ئامانجی ئەم وتارەش هەر ئەمەیە. هەموو کەس لە ڕوانگەی خۆیەوە خوازراو یان نەخوازراو لە بارودۆخی ئێستای عێراق و پێگەی کوردەکان لە دەسەڵاتی سیاسی ئەم وڵاتە ئاگادارە. کەسانێك کە دوای ساڵەها سەرکوت و داسەپاندنی نامرۆڤانەترین هەڵاواردن لە دژیان، ئەمڕۆ تا ئاستێك پێگەیان بەرز بووەتەوە کە دەبنە خاوەن پلەی سەرۆك کۆماری عێراقی دیمۆکراتیك و فیدراڵ کە بە دڵنیاییەوە ئەم دەسکەوتە ناتوانێت وەها هەستێکی لە ناوخۆی نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکەدا لە نەتەوەیەکی ژێرچەپۆکە کە هەمووکات کەوتووەتە ژێر سەرکوت و کوشت و بڕەو لە باری سیاسیەوە بووە بە هێزێك کە سرنجی کارناسانی بە پێچەوانەی خۆیان بۆ ئەم مەسەلەیە ڕاکێشاوە کە بەشێوەیەك وردبینانەتر بڕواننە مەسەلەی کوردستان.

ئەو شتەی کە سەروتار نووسی ڕۆژهەڵات وەك (سەرەتای ڕێگە) ناوی لێدەبا ،گۆیا کۆمەڵێك لە هەڵسووڕاوانی سیاسی لە شارە کوردنشینەکان پێش لە بەڕێوە چوونی خولی نۆهەمی هەڵبژاردنی سەر کۆماری ڕژیمدا چالاکی خۆیان لە ژێرناوی (ئیسلاحخوازانی کورد) دەست پێکردووە و بە، بەڕێوە بردنی چەند دانیشتن و کۆبوونەوە، وروژاندنی باسگەلێك سەبارەت بە مافی کوردەکان، کەشوهەوای سیاسی وڵاتیان خستووەتە ژێر کاریگەری خۆیان و زۆربەی هەرەزۆری لایەن و کەسایەتییە سیاسیەکانی ناچارکردووە، هەڵوێست بگرن، نەتەنیا بەو جۆرە نییە کە ئەوان وای لێك دەدەنەوە، بەڵکوو هۆکاری دەست پێکردن و بەڕێوە چوونی وەها دانیشتن و دژ کردەوە گەلێك لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دەبێ لە نێوخەباتی شێلگیرانە و دژی سەرەڕۆیی خەڵکی کوردستاندا بەدی بکرێت کە لە مانگەکانی رابوردوودا پزیسکەی ئەم ئاگرە لە کوردستاندا لە لایەن پاسداران و لیباس شەخسییەکان و دەست و پێوەندەکانی تریانەوە درواتە بەر هێرش و سەرکوت کراوە.



مەبەست لە گرنگی پێدان بە کۆمەڵێك کەس لە ژێر ناوی بێ‌نێوەرۆکی وەك ئیسلاحخوازانی کورد، بەلاڕێدابردنی بزووتنەوەی ئیعتیرازی لە کوردستان و دەرباز بوونە لە دووپات بوونەوەی ئەزموونی تاڵی تەحریمی بۆیرانەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی حەوتەم لە لایەن خەڵکی کوردستانەوەیە.

ڕیسوا بوونی ئەم بەناو ئیسلاحخوازانە کاتێك دەردەکەوێت کە بەپێی ئەو هەواڵانەی لە مەڕ کۆبوونەوەکانی ئەم بەناو ئیسلاحخوازانە لە کوردستان بڵاو دەبنەوە، لە هەموو دانیشتنەکانی ئەم جەنابانەدا کۆمەڵێك لە بەرپرسانی ئەمنیەتی و هێزە سەرکوتگەرەکان بەشداربوون کە ئەمە خۆی بەڵگەیەکە بۆ ناڕاست بوونی وادە و بەڵێنەکانی ئەمانە بە خەڵکی کوردستان.

ئیسلاحخوازانی کورد مەرجی بەشداریان لە ١٥ خاڵدا گەڵاڵە دەکەن و هات و هەواری لە سەر ساز دەکەن کە ئەگەر وانەکرێت، وادەکەین. بەڵام لەم دانیشتنەدا هیچ باسێك لەم خواستانە ناکەن بە چەشنێك کە دەڵێی هیچ خواستێك لە ئارادا نییە، لێرەدا ئامانجی ڕاستەقینەیان کە ڕاکێشانی خەڵکی کوردستانە بۆ پێی سندووقەکانی دەنگدان، خۆی نیشان دەدات و ئەم ڕێککەوتنە شاراوەیە دەردەکەوێت. لە درێژەی ئەم دانیشتنەدا نوێنەری خامنەئی لە کوردستان لە سەر ئەم مەسەلەیە جەخت دەکات کە ئامانجی پاوان خوازان و ئیسلاحخوازان، پارێزگاری لە دەسەڵات و بە وتەی ئەو بەرنگارییە لە بەرابەر دژی شۆڕشە و دەڵێت: نابێ بە قازانجی نەیارانی دەسەڵات دەست لە چالاکی هەڵگرین.

ئەم وتانە جەخت دەکاتە سەر ئەم دوو خاڵە:

یەکەم–دەسەڵاتدارنی کۆماری ئیسلامی بە هەرتك باڵکەیەوە ئامانجیان تەنیا پاراستن و ڕاگرتنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە.

دووهەم– بەشداری نوێنەری خامنەیی لەم کۆبوونەوانەدا، هەڵگری ئەم پەیامەیە کە بەدروست کردنی بەناو ئاڵتێرناتیڤ لە بەرابەر بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕژیمەوە بە دژی شۆڕش و دەست و پەیوەندی بێگانە ناوی لێدەبەن، تا بە خەیاڵی خۆیان لە کاریگەری ئەم بزووتنەوەیە کەم بکەنەوە.دژی کورد بوون و دژی خەڵکی بوونی ئەم جۆرە ڕەوتانە لە وتەکانی مووسەویدا خۆی نیشان دەدات ئەو دەڵێت: بە سرنج دان بە ئاڵوگۆڕەکانی عێراق و بوونی کوردێك بە سەرۆك کۆماری عێراق، ناوچەکە دەکەوێتە بەر مەترسی پەرەسەندنی نەتەوەخوازی کە لەم پەیوەندا ئەرکی ئێوە پاوانخوازان و ئیسلاحخوازانی کورد قورستر دەبێت. لە کۆتایی‌دا وتە بێژی پاوانخوازانی کورد، لە ئیسلاحخوازانی کورد وەك کەسانێکی بە ئەزموون لە دامەزراوەکانی ڕژیم ناو دەبات و ئەرکی پاراستنی ڕژیم دەخاتە ئەستۆی هەرتك‌لا و نوێنەری ئیسلاحخوازان دەکاتە سەر ڕاکێشانی ڕای گشتی بۆ لای خۆیان و دروست کردنی ئاڵتێرناتیڤ لە بەرابەر کەسانی تردا پێشنیار دەکات.

ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لەم کۆبوونەوانە ئەم چەن خاڵەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە:

١. کوردستانی ئێران لە هەڵبژاردنی داهاتوودا یەکێك لە گرینگترین و ستراتێژکترین ناوچەکان دەبێت کە دەبێ بە هەر شێوەیەك کە دەکرێت لە هەستیار ئەم لایەن کەم بکرێتەوە.

٢. هەوڵدان و گەشە و پەرەسەندنی هەستی نەتەوەخوازی و ئازادیخوازی لە کوردستانی ئێران لە لایەن ڕژیمی ئیسلامییەوە مەسەلەیەکی جێگای مەترسییە.

٣. دروست کردنی شەڕ و ئاژاوە لە نێوان پاوانخوازان و ئیسلاحخوازان تەنیا، شانۆگەرییە و بە مەبەستی چەواشەکردنی خواستەکانی گەلی کورد و هاوتەریب کردنی ئەم خواستانە لە گەڵ یاساکانی کۆماری ئیسلامییە.

٤. بە وتەی پاوانخوازان، ئیسلاحخوازان لە کوردستان کەسانێکی نزیك و دڵسۆزی ویلایەتی فەقیهن لە کوردستاندا، ئێستەش ئەرکی سەرەکییان پاراستن و ڕاگرتنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و ویلایەتی فەقیهە.

٥. ئەمانە سەر بە هەر چین و توێژ و مەزهەبێك بن لە سەر یەك بنەما کۆکن و ئەویش پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری دینییە.

بەڵام لە کۆتایی‌دا دەبێ بڵێن کە وێنەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بە داپۆشراویش هیچ کات توانایی بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگای وشیاری کوردستانی نییە و دەبێ بە تەحریمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری ڕژیم لە کوردستان شانوگەری هەڵبژاردن بکەینە مەیدانی ڕیسوایی زۆرتری ئەم ڕژیمە.

***راگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە:***

# خەڵکی کوردستان بە تەواوی، هەڵبژاردنیان تەحریم کرد

بەپێی دوایین هەواڵەکان هەتا سەعات ٨ی ئێوارەی رۆژی هەینی ٢٧ی جۆزەردان، لە پارێزگای کوردستان و پارێزگا کوردنشینەکانیتر و بەگشتی لە هەموو کوردستان، بەرینترین تەحریمی هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکی کوردەوە بەڕێوەچوو. سندووقەکان و ناوەندەکانی دەنگدان بە تەواوی چۆڵ بوو و تەنانەت بەکرێگیراوانی رژیم و هێزەکانی دەرەوەی کوردستانیش لە ترسی گوشاری جەماوەر بۆ بەشداری نەکردن، نەیاندەوێرا بچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

ئەمڕۆ هەموو کوردستان شاهیدی نوێگەری و تێگەیشتنی جەماوەری بۆ تەحریمی ئەم شانۆ دژە شۆڕش و نادیموکراتیکە بوو. ئەمڕۆ کوردستان سەربەرزتر لە پێشوو، خۆی سەلماند و بە هەموو جیهانی نیشانیدا کە هاوپشتیەکی قووڵ لە نێو خەڵکدا گەشەی کردووە و جارێکیتر "نا"یەکی بەهێزی بە کۆماری ئیسلامی وت. بێگومان ئەم تەحریمە بەرینە هەنگاوێکی بەرەوپێشەوەیە لە خەباتی خەڵکی کوردستاندا و بۆ نیشاندانی خواستی بەرینی ئەم گەلەیە بۆ گەیشتن بە ئازادی و مافە نەتەوەییەکانی.

ئێمە پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە لە هەموو ژنان و پیاوانی کوردستان، لە هەموو هەڵسووڕاوان و خەباتکارانی شێلگیر و ماندوونەناس دەکەین کە هەوڵیان بۆ تەحریمی هەڵبژاردن دا.

ئەم تەحریمە نەک هەر وەڵامێکی ددان شکێن بوو بە رژیمی تۆتالیتێری ئیسلامی، بەڵکوو وڵامێکی توندیش بوو بۆ ریفۆرمخوازانی دەوڵەتی لە کوردستان.

بژی بزووتنەوەی رزگاریبەخش و ئازادیخوازی کوردستان
بژی دێمۆکراسی و ئازادی
مەرگ و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی
کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٠٠٥/٦/١٧ _ ١٣٨٤/٣/٢٧

***راگەیاندی ژمارە ١ی سکرتاریەتی کۆمەڵە:***

# سەبارەت بە خۆپیشاندانی خەڵکی شاری شنە دژی کەمپەینی هەڵبژاردنی رژیم لە کوردستان

بە پێی هەواڵێك، دوێنێ ٢٠٠٥/٦/٨ بەرابەرلەگەڵ ١٨ی جۆزەردانی ١٣٨٤ لە سنەوە گەیشتوون، هەزاران کەس لە خەڵکی شاری سنە سەعات ٩ی شەو رژاونەتە سەر شەقامەکانی شار و سەرجەم پۆستێر و ئافیشە پرۆپاگەندەییەکانی کاندیدەکانی سەرکۆمارییان کێشاوەتە خوارێ و لە داروديوار كردوونەتەوە. لە مەيدانی ئيقباڵ خۆپيشاندەران و بە تايبەت لاوان دروشم گەلێكيان لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی كوردستان داوە و هەموو ماشێن و موسافيرەكانيشيان هاوپشتی خۆيان راگەياندووە و سەرجەمی ئەو شەقامانەی دەچنە سەر مەيدانی ئيقباڵيان بەستووە و بەريان بە هاتنی هێزەكانی رژيم گرتووە.

پاشان خۆپيشاندەران لە مەيدانی ئيقباڵەوە بەرەو شەقامی شەشەمی بەهمەن بەرەو سێڕای شەريف‌ئاوا وەڕێ كەوتوون و دووبارە گەڕاونەتەوە مەيدانی ئيقباڵ و لە ماوەی ئەم دوو شوێنە دروشمی مەرگ بۆ خامنەيی، مەرگ بۆ ديكتاتۆر، مەرگ بۆ حيزب‌وڵڵايان داوە و هەموو پۆستێر و پلاكاردە پرۆپاگەندەكانيان دڕاندووە، بەتايبەت ستادی پروپاگەندەی هاشمی رەفسەنجانی و مستەفا موعينيان پێكداداوە. هێزە ئينتزامی و دژە شۆڕشەكان لە سێڕای تاج تا شەشەمی بەهمەنيان گەمارۆدا كە لەگەڵ خۆڕاگری و بەرەنگاری توندی خەڵك رووبەڕووبوونەتەوە و خەڵك تا نيوەشەو درێژەيان بە دانی دروشم و خۆپيشاندان دژی رژيم و شانۆگەری هەڵبژاردن داوە.

بە پێی دوايين هەواڵ كە ئەمڕۆ بە دەستمان گەيشتووە كۆمەڵێك زۆر لە خەڵك و لاوان قۆڵبەست كراون و كۆمەڵێكيش بانگراونەتە دادگا و خەڵك خوازياری ئازادی سەرجەم قۆڵبەست كراوانن. ئێمە داوا لە هەموو خەڵك و رێكخراوە سياسييەكان دەكەين كە چالاكانە لە خواست و داواكارييەكانی خەڵكی سنە پشتيوانی بكەن.

سكرتاريەتی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران
١٣٨٤/٣/١٩ _ ٢٠٠٥/٦/٩

***راگەیاندنی ژمارە ٢ی سکرتاریەتی کۆمەڵە:***

# بۆ مەحکووم کردنی هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم بۆ سەر خەڵکی شاری مەهاباد و گرتنی خۆپیشاندەران

باش بڵاوبوونەوەی هەواڵی هەڵبژاردنی بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سوێندخواردنی لە پەرلەمان کوردستان، رۆژی سێشەممە ٢٤ی جۆزەردان، نزیك بە هەزار کەس لە خەڵکی شاری مەهاباد رژانە سەر شەقامەکانی ئەو شارە و دەستیان کرد بە ئاهەنگ گێڕان و دەربڕینی شایی و خۆشحاڵی خۆیان بەم بۆنەوە. کۆماری ئیسلامی چاوی بینینی جەماوەری شاری مەهابادی نەبوو کە وێنە و پۆستێری بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی، کاك مەسعوود بارزانی و مەلا مستەفای بارزانییان هەڵگرتبوو. بۆ بەرگرتن بە ئاهەنگ گێڕانی خەڵك، هێزەکانی تایبەت بە سەرکوت، رژانە سەر چوارڕێی ئازادی و ویستیان بڵاوە بە خەڵك بکەن و هێرشیان کردە سەر خەڵك. خەڵك بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین دەستیان دایە خۆپیشاندان و بۆ ماوەی چەند سەعاتێك درێژەی کێشا. شایای باسە ژمارەیەك مۆتۆرسواری شاری مەهاباد ئاڵای کوردستانیان دەشەکاندەوە و ئاهەنگی سیگناڵ لێدانی ماشێنەکان کە نیشانەی دەربڕینی شادی و خۆشی جەماوەری خەڵکی بوو لە هەموو لایەکەوە دەبیسترا.

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە بە دەنگی کۆمەڵە گەیشتوون ئەمڕۆ چوارشەممە ٢٥ی جۆزەردان، رژیم نزیکەی ٥٠ کەسی لە خەڵکی شاری مەهابادی گرتووە و بەم جۆرە دەیهەوێ خەڵك چاوترسێن بکا و بە خەیاڵی خۆی فەزای سیاسی کوردستان هێدی کاتەوە.

ئێمە وێڕای پشتیوانی کردن لە کۆبوونەوەی خەڵکی شاری مەهاباد بۆ دەربڕینی شادی و خۆشییان، کۆماری ئیسلامی بە تاوانباری سەرەکی هەر ناڕەزایەتییەك دەزانین. ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە بەر بە هەر جۆرە کۆبوونەوەیەکی خەڵك دەگرێ.

هەروەها خوازیاری ئازادکردنی بێمەرجی هەموو قۆڵبەست کراوانین و داوا لە هەموو خەڵکی شاری مەهاباد دەکەین، خوازیاری ئازاد کردنی قۆڵبەست کراوان بن.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٠٠٥/٦/١٥_١٣٨٤/٣/٢٥

***راگەیاندنی ژمارە ٣ی سکرتاریەتی کۆمەڵە:***

# بۆ مەحکووم کردنی هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کرماشان و ئەزیەت و ئازاری لاوانی ئەو شارە

هەروەك لە هەواڵ و راگەیاندنە پێشووەکانی کۆمەڵەوە ئاگادار کراون کە خەڵکی کوردستان بە گشتی بەرامبەر بە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێران ساردوسڕن و لە زۆر شوێن بەرامبەر بە شەپۆلی پڕوپاگەندە و بە شێوەی جۆراوجۆر ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر بەم هەڵبژاردنە دەربڕیوە.

بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لە شاری کرماشانەوە گەیشتوون، هەر لە یەکەمین سەعاتەکانی ئەمشەوەوە واتە شەوی چوارشەممە ٢٥ی جۆزەردانەوە رژیم بە هەزاران هێزی چەکداری رژاندە ناو شاری کرماشان. بە گوێرەی ئەم هەواڵانە چەکدارەکانی رژیم دەستیان داوەتە ئەزییەت و ئازاری خەڵك و بە زۆری چەك بڵاوە بە هەر کۆبوونەوەیەکی خەڵك دەکەن و تەنانەت لە کۆبوونەوەی دوو سێ کەیش پێشگیری دەکەن.

ئەم هێزانەی رژیم بە تایبەت لە شەقامی موسەدق، تاقۆسان، مەیدانی جەوانشیر، مەیدانی ئیمام حوسێن و دەوروبەری ترمیناڵی "راه کربلا" خەریکی گەڕان و مانۆڕدانن و هەتا ئێستا واتە سەعات ١١ی شەو نزیکەی ٢٠ کەس لە لاوانی ئەو شارەیان گرتووە و ئازار و ئەزیەتیان داون. شایانی باسە کە لە شارەکانی ئیسلامئاباد، کرێند، سەحنە و کەنگاوەریش هەواڵ دەگات کە خەڵك خۆیان ئامادە کردووە کە بە شێوەی بەرین لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری نەکەن. روون و ئاشکرایە کە تەیار کردن و رژاندنی ئەم هەموو هێزە چەکدارە بۆ ناوشارەکانی کوردستان و هێرش کردنە سەر خەڵك لە شارەکانی مەهاباد، سنە، کرماشان تەنیا بۆ چاوترسێن کردنی خەڵك و کێشانیان بۆ پای سندووقەکانی دەنگ دانە کە بە بڕوای ئێمە هیچ دەسکەوتێکی بۆ رژیمی سەرکوتگەر وداگیرەکەری کۆماری ئیسلامی نییە. ئێمە مانۆڕ و پەلاماری هێزە چەکدارەکانی رژیم بۆ سەر خەڵکی کوردستان بە توندی مەحکووم دەکەین و خوازیاری ئازاد کردنی دەستبەجێی هەموو گیراوەکانین. داوا لە هەموو کەسایەتی و لایەنە ئازادیخواز و دێمۆکرات و چەپەکان دەکەین بەرامبەر بەم ملهۆڕییەی هێزەکانی رژیم بێدەنگ نەبن و بیروڕای گشتی لە حاست ئەم سەرکوتگەرییەی رژیم لە کوردستان ئاگادار کەنەوە.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٠٠٥/٦/١١٥– ١٣٨٤/٣/٢٥

SHORESH
POLITICAL PAPER ISSUED BY THE KOMALA PARTY
komala1348@hotmail.com
Editor-in-Chief: Nasser Hessami
www.komala.org
دوالاپەڕە

# نامەی ٣٠ کەس لە کرێکارانی دەرکراوی کارخانەی نەساجی شاری سنە




بۆ: بەڕێز سکرتێری گشتی ڕێکخراوی جیهانی کار

کۆنفیدراسیۆنی سەندیکای سەربەخۆی کرێکارییەکان

ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە سەرتاسەری جیهان،

ئێمە ٣٠ کەس لە کرێکارانی کارخانەی نەساجی شاهۆ لە شاری سنە سکاڵانامەی خۆمان لە دژی خاوەن کاری کارخانەی نەساجی شاهۆ و ئیدارەی کار، بە هۆی پێ ڕانەگەیشتن بە داواکارییەکانمان، دەردەبڕین. ئێمە خوازیاری پێ ڕاگەیشتن بەم کارە و لایەنگری ڕێکخراوە کرێکارییەکان و سەندیکا کرێکارییەکان لە داواکاری و خواستەکانی کرێکارانی دەرکراوین.

ئێمە هەر کاممان لانی کەم ٢٢ تا ٢٧ ساڵە کە کار دەکەین. بەڵام لە سەرەتای ئەم ساڵەوە دەرکراوین. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە پێی یاسای کاری کۆماری ئیسلامی ئەو کرێکارانەی کە کاری سەخت و پڕمەترسی دەکەن، پاش ٢٠ ساڵ کار، خانەنشین دەکرێن و هەقدەستەکەشیان پێ دەدرێت. لە حاڵێکدا کە لە ڕێبەندانی ساڵی رابوردووە وە ئیعترازمان بە وەدواکەوتنی هەقدەستەکانمان کردووە و ناڕەزایەتی خۆمان دەربڕیوە و ئەمە بە مافی بێ ئەملاولای خۆمان دەزانین. ئێمە لە لایەن خاوەن کارەکەوە بە بێ دانی هەقدەستەکانمان دەرکراین. ناڕەزایەتی وخەباتی ئێمە زیاتر لە چوار مانگی خایاندووە. لەم پەیوەندییەدا ئێمە چەندین نامەمان بۆ ئیدارەی کاری سنە و وەزارەتی کار و دیوانی عەداڵەتی ئیداری ناردووە کە هەموو بێ وەڵام ماونەتەوە و لە لایەن خاوەن کارەکەوە ڕاگیراوە. بەمجۆرە ئێمە خواستەکانمان بە ئاگاداری ئێوە و هەموو دامەزراوە و ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە سەرتاسەری جیهان ڕادەگەیەنین و خوازیاری لایەنگری ئێوە لە خواستە ڕەواکانی خۆمانین:

١–ئێمە خوازیاری گەڕانەوە بۆ سەر کار و ڕاگرتنی ڕەوتی دەرکردنی کرێکارانین.

٢–ئێمە خوازیاری هەموو مافێکی یاسایی، لەوانە مافی خانەنشین کردنین.

٣–ئێمە خوازیاری کۆتایی هێنان بە زۆر و گوشار خستنە سەر کرێکارانین بۆ ئیمزا کردنی گرێبەستی کاتی. هەروەها خوازیاری ڕەسمی کردنەوەی کاری ئەو کرێکارانەین کە بە شێوەی گرێبەست خەریکی کارن.

٤–ئێمە خوازیاری مافی بەرابەر و یەکسان بۆ هەموو کارێکارانین.

بڕیار وایە کە لە ڕۆژی ٧ی جۆزەردانـدا دانیشتنێك لە نێوان نوێنەرانی ئێمە و کاربەدەستانی دەوڵەتی بەڕێوە بچێت بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر ئەم داواکارییانە. لەم بارەوە پێویستمان بە یارمەتی و لایەنگری و پشتیوانی ئێوە هەیە.

---

# دیاربەکر ٣٤ هونەرمەندی سلێمانی لە ئامێز گرت

یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان ئەمساڵ بە مەبەستی بەشداری لە فێستیڤاڵی ساڵانەی هونەری لە شاری دیاربەکری کوردستانی تورکیە بانگهێشت کران.

فێستیڤاڵی ئەمساڵ زیاتر لە ١٥ هەزار هونەرمەندی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی لە سەرتاسەری جیهانەوەی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە و ئەمساڵیش بۆ یەکەمین جار هونەرمەندانی سلێمانی بەناوی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان لەم فێستیڤاڵەدا بەشدارییان کرد.

ئەم هونەرمەندانە بە ١٠ بەرهەم و ٢٩ ژەنیار و ٥ گۆرانیبێژەوە و هەروەها هەردوو هونەرمەندی شێوەکار "عەلی جوڵا و ئاری بابان"یش لەو گەشتە هونەرییەدا بەشدار بوون. ڕۆژی ٢٠٠٥/٥/٢٦ هونەرمەندانی بەشدار بەرەو دیاربەکر شوێنی بەڕێوە چوونی فێستیڤاڵەکە کە بۆ ماوەی ١٤ ڕۆژی خایاند وەڕێ کەوتن.

هونەرمەندانی سلێمانی بە پێی وتەی زۆرێك لە هونەرمەند و مۆسیقارانی جیهان ئاستێکی بەرزیان لە موسیقی کوردی نمایش کرد و چوار ڕۆژ پاش پێشکەش کردنی بەرهەمەکانیان ساغ و سلامەت گەیشتنەوە سلێمانی.

خاڵی جێی سەرنج لەم بارەیەوە ئەوە بوو کە بە پێچەوانەی هەموو فێستیڤاڵێکی گەورە کە بەشداربووان تا ڕۆژی کۆتایی بۆ هەڵسەنگاندنی باقی بەرهەمەکان لەو فێستیڤاڵەدا دەمێننەوە، دەبوایە هەر گرووپێك پاش پێشکەش کردنی بەرهەمەکانی فێسیتڤاڵەکە بەجێ بێڵن.

---

# جیهانێکی تووڕە و تووسن لە بەرامبەر ڕۆژی جیهانی منداڵان

## منداڵی ئازیز جیهانی سبەی هی تۆیە



لە جیهانی گەورەکاندا ڕۆژێك هەیە بە ناو ڕۆژی جیهانی منداڵ. ڕۆژێك کە تەنانەت زۆربەی زۆری منداڵان لێی بێخەبەرن. لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانی منداڵ و دوایین ڕۆژەکانی ئێدیتی شۆڕش بوو کە چاومان بە هەواڵێك لە هەواڵنێری "ئێندیا" کەوت. ئەویش هەواڵێك بوو دەربارەی بنەماڵەیەکی ١١کەسی کە بریتی بوون لە ٧ منداڵ و دایەپیرە و باوەپیرە و دایك و باوکی منداڵەکان لە یەکێك لە ئاوایییەکانی ناوچەی "بنگوور"ی وڵاتی هێندوستان. لەو هەواڵەدا ئاوا هاتبوو کە باوکێکی موعتاد لە بڕی بڕێك پارە حازر بووە یەکێك لە منداڵەکانی کە تەمەنی تەنیا ٦ ساڵ بووە، بفرۆشێتە باندێکی قاچاخی ئەندامانی لەش تا ئەوان بە تیکە تیکە کردنی ئەندامانی لەشی ئەو منداڵە پارەیەکی زۆر بەدەست بێنن.

منداڵەکە لە بابی پاڕاوەتەوە و داوای لێکردووە کە بهێڵێ لەپاڵ باقی خوشك و براکانی بمێنێتەوە و نەهێڵێ بیبەن و بیکوژن. کوڕە کە دەگری و دەپاڕێتەوە، بەڵام باوکە دڵ ڕەقەکەی هیچی لا گرینگ نییە.

بە خۆشحاڵییەوە دراوسێکانی ئەو ماڵە، شاهیدی ئەو دیمەنە دڵتەزێنە دەبن و خێرا پۆلیس ئاگادار دەکەنەوە و دواتر پۆلیس باوکەکە دەگرێ و ڕەوانەی زیندانی دەکەن و منداڵەکەش لە چنگ قاچاخچییەکان ڕزگای دەبێ و ڕێکخراوی "پشتیوانی کردن لە منداڵان" سەرپەرشتی چوار دانە لە منداڵەکانی ئەو بنەماڵەیە وەئەستۆ دەگرێ.

پاش خوێندنەوەی ئەو هەواڵە هەستێکی تاڵ گشت گیانمانی داگرت. زۆرن ئەو منداڵانەی کە هەرگیز دەنگیان بە هیچ کوێ ناگات و لە بێ دەنگی و یان لەبرسێتیدا دەمرن یان وەك ئەو کوڕە هێندییە دەبنە قوربانی خواستە ناڕەوا و نابەجێکانی گەورەکانیان. ئەوڕۆکە چیها منداڵی کار لە سەرتاسەری جیهان لەجیات ئەوەی بچنە بەرخوێندن و پەروەردە بوون دەبنە خۆراکی باندە مافیاییەکانی قاچاخی سێکس، ماددە سڕکەرەکان، فرۆشتنی ئەندامانی لەش ، خاوەنکارە بێویژدانەکانیان و... منداڵانێك کە سبەینێ هی ئەوانە و لەمڕۆوە دەبێ خۆیان بۆ ئاوەدان کردنەوەی ئامادە بکەن. زۆرن ئەو منداڵانەی شەوانە لە سەر شەقام و کوچە و کۆڵانەکان بە برسییەتی سەر دەنێنەوە. لە هەر چوارقوڕنەی جیهان زۆرن ئەو منداڵانەی کە ڕۆژانە دەبنە قوربانی خواستە ناڕەواکانی گەورەکان.

هەر بۆیە با بە هەمووومان بۆ هەموار کردنی بواری گەشەی منداڵان تێبکۆشین. یەکێك لە فاکتە هەرە سەرەکییەکانی گەشەی منداڵان و تەنانەت کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە ناو بردنی هەژارییە. با هەمووومان پێکەوە بۆ بن بڕکردنی ئەو هۆکارە قێزەونە و بەرهەم هێنەرانی فەقر و هەژاری دەست بدەینە دەستی یەکتر.

منداڵە خۆشەویستەکان ئێمە خۆمان بە داکۆکی کاری پێویستی ڕێزلێنان و دابینکردنی مافەکانتان دەزانین و بزانن کە ئاسایش و شایی و خۆشی و تەندروستی و بەهرەمەندی لە خوێندن مافی خۆتانە.

لێرەدا جێی خۆیەتی گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی گشت منداڵانی کوردستان و سەراسەری جیهان بکەین. لەش ساغی و کامەرانیتان ئاواتمانە.

ستافی "شۆڕش"